# گوڵان

www.gulan-media.com

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی


## ئەگەر عێراق، عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی بێت دەبێت پارێزگای نەینەواش شاری برایەتی هەموو نەتەوەکان بێت





دواخستنی منداڵبوون بۆچی دەگەڕێتەوە؟



د.هونەر: یەک ساڵ پاش پێکهێنانی خێزان چارەسەر بۆ نەزۆکی پیاو دەست پێدەکەین



گوڵان عەبدوڵڵا: کچانی وەرزشکار کێشەیان زۆرە



ئەمە دەمە یان جەگی ئۆتۆمبێلە؟



## کامەران عومەر واز لە گۆرانی گوتن دەهێنێت؟


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د. عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

گوڵان

ژمارە (٧٣٧)
٢٠٠٩/٦/١٥

# با منیش قسەی خۆم بکەم

لیستی گۆڕان یەکێکە لەو لیستانەی بەشداری لەهەڵبژاردنە داهاتووەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکات، بەهۆی گۆڤار و ڕۆژنامەیەکەوە شەڕێکی ڕاگەیاندن دژ بە لیستی کوردستانی بەڕێوەدەبات، کە دەشڵێم لیستی کوردستانی مەبەستم پارتی و یەکێتی یە، چونکە هەرچی تا ئێستا ئەو لیستە بڵاوی کردۆتەوە، نەك هەر تەنیا یەکێتی بەڵکو پارتیشی گرتۆتەوە.

ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) کە کۆمپانیای وشە دەری دەکات هەر جارێ بەناونیشانێك هەوڵی شکاندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و لیستی کوردستانی دەدات کە بەڕاستی هەر هەموویان ناونیشانی ئیستیفزازین، کەچی هەر بە خۆیشی ئەوە بڵاو دەکاتەوە، کە بەپێی یاسای کۆمسیۆن ئەو لیستەی پێشێلکاری بکات سەرۆکەکەی زیندانی دەکرێت..!!

من ناڵێم لیستی کوردستانی پێشێلکاریی نەکردووە، بەڵام لیستی گۆڕانیش ئەو پێشێلکارییەی کردووە و لەوانەیە لەو ڕووەوە پشکە زۆرەکەشی بەرکەوێت، هەر کەسێك سەیری مانشێت و سەردێڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بکات، بۆی بەدیار دەکەوێت کە ئەو ڕۆژنامەیە بە دەرنەبووە لەو پێشلکارییانەی کە ئەنجام دراون.

نەك هەر ئەمە و بەس، بەڵکو ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو لیستەش دەکەن بەشدارییان هەبووە لەو پێشێلکارییە، بەتایبەتی لەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ هەندێ میدیادا ئەنجامیان داوە.

خۆ لەو بەرنامە تایبەتیانە هەر مەپرسە کە لە تەلەفزیۆنی KNN پەخشیان دەکات و کەسانی وا دێنێتە سەر شاشە کە ئاستیان نزمە و تەنیا ئەوە دەزانن کە قسەی هەلەق و بەلەق بڵێن و سوکایەتیش بەسەرکردەکان بکەن، وەك ئەو بەرنامەیەی کەشەوی ٩-١٠ی هەفتەی ڕابردوو پەخش کرا کە تایبەت بوو بە هەڵەبجە.

پێشێلکارییەکانی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) و ئەو ڕۆژنامە وگۆڤارانەی کە لە فەلەکی ئەو ڕۆژنامەیە دەسوڕێنەوە زۆرن، وەك (لە ژێر گوشاردا کاندیدێکی سەرۆکی هەرێم دەکشێتەوە، درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان پێچەوانەی یاسایە، بێ پسوولەی ناوەندەکانی دەنگدان ئاسایش مووچە بەکارمەندانی نادات، پرسەی خوالێخۆشبوو ماددەی (١٤٠)، پارتی و یەکێتی خۆیان مەسەلەی نەتەوەییان لە بیرچۆتەوە، پێمان دەڵێن ئەو قیرە ڕەش و جوانە.. شەقی لیستی گۆڕانە، خزمەتگوزاریی بەشێکە لە شکستەکانی ئیدارەی کوردستان، لیستی گۆڕان شکات لە تاڵەبانی دەکات بەهۆی بانگشەکردنی بۆ بارزانی، د. کەمال میراودەلی پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەمنستی ئینتەرناشنال ڕووندەکاتەوە بەتایبەتی سیاسەتی نانبڕین و هەڕەشەکردن دژی کاندیدی هەندێك لە لیستەکان و قەدەغەکردنی لیستی هیوا بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکان و، بەکارهێنانی میدیای حزبی و بەرنامە و پرۆژەکانی حکومەت و پارە و دەمانچە بەخشینەوە بۆ دەنگکڕین، لەسەر بچووکترین خروقات لە هەڵبژاردندا ڕاپۆرت بۆ ئەمەریکا بەرز دەکرێتەوە، نوری مالیکی بۆ ڕۆژنامە: لە کاتی ڕوودانی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا حکومەتی ناوەندی ئاگادار بکەنەوە و شتی تریش).

باشە ئەگەر ئەو سەردێڕانە پێشێلکاری نەبن ئەی دەبێ چی بن؟ ناکرێ تۆ چەپ و ڕاست بەسەر و گوێلاکی یەکێك بکەویت و لێشی قبوڵ نەکەیت پێت بڵێ لەل...!!

باشە کەتۆ دەڵێی ئێمە دژی توندوتیژین، ئایا لە خۆت ناپرسی ئەو جۆرە قسانە لەوانەیە توندوتیژیان لێ بکەوێتەوە؟ من بە قەناعەتەوە دەڵێم ئەوەی ئەو قسانە دەکات و دەیەوێ بەم قسانە بەرامبەر بوروژێنێ حەتمەن حەزی لە توندوتیژییە، باشە ئەگەر وا نەبێ ئەی حیکمەت لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو سەردێڕە ئیستیفزازیانە چییە؟

بڕوا بکەن من ئەسڵەن نەمدەویست خۆم



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

بخزێنمە ناو ئەو هەڵڵایە، بەڵام هەندێ شتی نا دروست وام لێ دەکات کە وەك نوسەر بێمە وەڵام و بیروبۆچوونی خۆم بەوەی ڕووددات بخەمە ڕوو، بۆیە حەز ناکەم هیچ کەس و لایەنێك ئەم نووسینە لەسەر لایەنێکی سیاسی حیساب بکات.

یەکێك لە میدیاکان کە ئای چەند زۆرن و خەریکە بەرە بەرە ڕووی ڕاستەقینەیان بە دیار دەکەوێت، هۆکاری خۆنەپاڵاوتنی نەوشیروان مستەفا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو نەیویستووە بەرەی شەڕی لیستەکەی فراوانتر بکات و بارزانی تووڕە بکات و لەمەشدا دوو پاساوی هۆنیوە نەك سێ:

١- لیستەکەی باوەڕی بە سیستەمی سەرۆکایەتی نییە، بۆیە نابێت بچێتە هەڵبژاردنێکەوە کە بە سیستەمی سەرۆکایەتی بکرێت.

٢- بەرەی شەڕی هەڵبژاردن فراوان نەکرێت و پارتی لەو ڕووەوە نەورووژێنرێ.

سەبارەت بە پاساوی یەکەم، من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمە پاساوی ڕاستەقینە بێ، چونکە هەر کەسێك نەوشیروانی ناسیبێ و ئاگاداری بیروبۆچونەکانی بێ دەزانێ کە ئەمەیان ڕاست نییە، بۆیە خۆ نەپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو نایەوێ لە دوو تاقیکردنەوە بدات: پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەمەی دوایشیان

# هەقە هەموو لایەنەکان، هەڵویستیان لەبەرانبەر پێوەندیی لەگەڵ "ناوەند"دا دیار بێ



ئاسۆ کەریم

Aso2karim@yahoo.com

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوپەتی

شتێکی بەڵگەنەویستە، ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، چۆن دەبن و بەچ بارێکدا دەکەونەوە، ئەوا لە دوا شیکردنەوەدا بۆ ئیرادەو خواستی ئازادانەی دەنگدەران دەگەڕێنەوە، بەڵام بە پێی خوێندنەوەی واقیعی بەرچاو و راپرسییەکان بێ، لە کۆتای (مەسیحی) و (تورکمان) و ئەرمەنەکان، هاوپەیمانێتییەکانی (کوردستانی- پارتی و یەکێتی)، (خزمەتگوزاری و چاکسازیی- چوار حزبەکە) و (ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی- شیوعی و چەپەکانی تر) و لیستی (گۆڕان) بەرێژەی جیا-جیا بچنە ناو پەرلەمان و دوور نییە لیستی (بزووتنەوەی ئیسلامی) یش کورسییەك بهێنێ.

راستە، هێشتا ئەو لیستانە، بەرنامەی خۆیان بۆ داهاتوو ئاشکرا نەکردووەو چۆن باس لە کێشەو ئاریشە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و رێگەچارەکان دەکەن، بەڵام لەناوخۆماندا هێڵە گشتییەکانی هەر لایەنێ لەو لایەنانە دیار و خویان.

هەروا هەمووشمان ئەوە دەزانین، هەڵبژاردن بەتەنێ، پرۆسەیەکی (مجرد)ی ناوەکیی هەرێمی کوردستان نییە. بە پلەی سەرەکی ئەمریکا، تورکیا و ئێران چاوەدێریی پرۆسەکەو لایەنە بەشداربووەکان و ئەنجامەکانی دەکەن. لایەنەکانی ناو عێراق-یش لە (دەعوەی مالیکی-یەوە بگرە تا مەجلیسی ئەعلا، مەجلیسی حیواری وەتەنی، حزبی ئیسلامی، کیتلەی عەرەبیی موستەقیلە و رەوتی صەدر و جەماعەتی ئوسامە نجێفی و بەرەی تورکمانی) بە وردی سایەدیی بەرنامە، کەسایەتیی لیستەکان و ئاخاوتن و بەرنامە سیاسییەکانیان و ئەنجامەکان دەکەن.

وڵاتانی دی، هەر یەکەیان لە چاویلکەی بەرژەوەندی و ئەولەویاتەکانی لە عێراق و ناوچەکە، سەیری هەڵبژاردنی ٧/٢٥ی کوردستان دەکەن. لێرەدا، من ناچمە سەر ئەوەی بەرژەوەندی هەر یەك لەو سێ وڵاتە سەرێ ناوم بردن، چ دەخوازێ و چۆن دەجولێنەوە. لێ بەبڕوای من، سەقامگیریی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەرادەی جیا-جیا بۆ ئەمەریکا و وڵاتانی دەوروبەر گرنگە و لەسەرێنی ئەمەشەوە تا ئەو رادەیە چاوەدێریی رەوت و رەوتاری لایەنەکان و ئەنجامەکان دەکەن و بەلایانەوە گرنگە کە کار لەو سەقامگیرییە بەدیهاتووە نەکەن و ئەوەش دەزانن کە ئەوە پارتی و یەکێتیین، ئەو رەوشەیان دەستەبەرکردووەو دەکارن بە حوکمی زۆر هۆکار کە لێرەدا لەبەر بێ جێگەیی، ناپڕژێمە سەریان، بیپارێزن. کەواتە پێموانییە، وڵاتانی تر گرەو لەسەر ئەجێندای هێزیکی تاقی نەکراوە بکەن و پشتەوانی لە هێزیکی دیاریکراو بکەن لەو هەڵبژاردنەدا، بەڵام رەنگە دوای دەرچوونی ئەنجامەکان، هاوکێشەی تر بێتەگۆڕێ و مامەڵەکردنیش گۆڕانی بەسەردا بێت.

لێ ئەوەی کە زێتر سەرنج رادەکێشی، هەڵوێست و بۆچوونی لایەنە عێراقییە عەرەبییەکانە بە شیعەو سوننەیانەوە، چ ئەوانەی هاوپەیمانیی کوردن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، چ ئەوانەش کە لەناو پرۆسە سیاسییەکەدان، لێ هەمیشە خۆیان لەبەرانبەر کورددا دانووساندووە، کە چۆن سەیری تابلۆی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بۆچوونەکان دەکەن.

کورد لەرووی سیاسییەوە ویستویەتی و دەیەوێ عێراق وەکو

دەوڵەتێکی ئیتیحادی لەسەر بنەمای شەراکەت و تەوافووقی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە بەڕێوەبچێ و هیچکام لەو سێ پێکهاتەیە هەست بە مەغدوری و پشتەپێدانی خۆی نەکات. لەرووی دابەشکردنی سەروەت و سامانیشەوە، دەیەوێ لەسەر بنەمای وەکیەکبوون و ڕێژەی دانیشتوان بێ و مەرجەعیش بۆ ئەو دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامانە، دەستووری ئێستای عێراق بێت. ئەو ڕوانگەیە بۆ عێراقی ئێستا و ئایندە، ڕوانگەی پارتی و یەکێتی بووە بە پلەی یەکەم و هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە، هەردوو حزب بەشدارییان لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی رووخاوی عێراقدا کردەوە. لە ئاکامی ئەو پرۆسەیەدا، سەرکردایەتی ئەو دوو حزبە، لە گفتوگۆ و کێشە و ململانێدابوونە لەگەڵ سەرجەم لایەنە عێراقییەکاندا، لە سەردەمی پۆل بلیمەر و مەجلیسی حوکمەوە بگرە و تا نووسینەوەی (قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە) و گەڵاڵەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق. لە دوای پەسندکردنی دەستووریش هەتا ئێستا، بۆ چەسپاندنی ئەو پرەنسیپانە لە کێشەو ململانەدا بووە.

**بەگشتی کێشەکان لەسەر ئەم خاڵانەن:**

- ناسنامەی دەوڵەتی عێراق، کە بەپێداگیریی کورد لە ماددەی (٣)ی دەستووردا عێراق وەکو دەوڵەتێکی فرە نەتەوەو ئایین و مەزهەب ناسێنراوە. ئێستا هەوڵی دەسکاریکردنی دەدرێ بەلای جەختکردنەوە لەسەر "عارەبایەتیی" عێراق.
- لەسەر کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە کورد بە بەشێکی دانەبڕاویان لە کوردستان دەزانێ و بوونی پێشمەرگە لەو ناوچە جێ ناکۆکانەدا و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە تا ئەو دەمەی ساغ دەبنەوەو بەلایەکدا دەکەون.
- لەسەر ئەو ڕێژەیەی کە بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێ لە بودجەی عێراق تا سەرژمێرییەکی پاك و گشتی لە عێراقدا دەکرێ.
- لەسەر وەبەرهێنانی نەوت و گازو ماف و دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیمزاکردنی کۆنتراکت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا.
- سیستەمی سیاسیی حوکمرانیی عێراق کە داخوا (پەرلەمانی بێ) یان (سەرۆکایەتی)، لەسەر بنەمای زۆرینەی پەرلەمانی (دیموکراسیی بە ستایلی ڕۆژئاوایی وێست مینیستەر) یان لەسەر بنەمای (تەوافووقی هەر سێ پێکهاتەکە) بەڕێوەبچێ.
- پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوەو چەندین خاڵی تر.

سەرجەم لایەنە عێراقییەکان، بەپلەی خوارو ژوور، هەندێکیان بە ئاشکراو هەندێکیشیان بەشێوەیەکی (پەنامەکی)، (٣) تۆمەتی نارەوا دەدەنە پاڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، ١- پابەندنەبوون بە یەکپارچەیی خاکی عێراق یان بەشێوەیەکی تر کزی و لاوازی ئینتیما بۆ عێراق ٢- کێشە دروست نەکردن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ٣- نەسازان لەسەر کەرکوك و ناوچە جێ ناکۆکەکانی تر.

بەداخەوە، هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی بەناو "ئەهلی" و غەیرە ئەهلیی کوردیش، بەهەمان نەزمی ئەوانەی سەرێ، سەرکردایەتیی کوردستان بە کێشە دروستکردن لەگەڵ "ناوەند" تۆمەتبار دەکەن و گرفت و ئاریشە لەئارادابووەکان دەخەنە قالبی "شەخصی" و "ئەم یان ئەو حزب" و ئەدائی خراپی حکوومەتی کوردستانەوە لە ئیدارەدانی ئەو ململانێیانەدا و لایەنی بەرانبەر "واتە لایەنی عێراقی"ی لێ بێ بەری دەکەن و خزمەتێکی بە خۆڕایی دەکەن!

لایەنە عێراقییەکان، چیان لە پارتی و یەکێتی و ئەوانەش دەوێ کە بەناوی "ئیسلاح" و "گۆڕان" و نازانم چی و چیدیکە وەکو ئۆپۆزیسیۆن و ڕکابەر خۆیان خستۆتەروو. پارتی و یەکێتی لە لای عێراقییەکان، چ ئەوانەی ئەمڕۆ لە حوکمدان و چ ئەوانیش کە لە دەرەوەی حوکمدان ناسراون و هەڵویست و تێڕوانینی ئەو دوو حزبە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و "ناوەند" روون و ئاشکرایەو هەندێکیان نایشانەرنەوە کە پارتی و یەکێتیی توندڕەون و زیادەڕۆیی لە داخوازی و مافەکاندا دەکەن، لە بەرئەوەش حەز بەهاتنە گۆڕێی تەرزێکی تری سەرکردایەتی لە کوردستاندا دەکەن. لێ ئەوەی بۆ تەوژمە سەرەکییەکانی شیعەو سوننەی عێراقی ئاشکرا نییە هەڵوێست و تێڕوانینی هەندێ لە کەسایەتی و هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتییە لەبەرانبەر ئەو کێشانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان. ئەوەتا پیاوێکی وەکو ئوسامە نجێفی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری (ڤین)دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوان شتێك لە بارەی بۆچوونەکانی نوشیروان مستەفا دەربارەی (سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچە کێشە لەسەرەکان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی) نازانن.

لە سۆنگەی ئەمەوە، هەقە هەموو لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، بە روونی و بێ هیچ تەمومژێك، بۆ هەموو لایەك، هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان لەسەر کێشەو پرسە چارەنووسسازەکان ئاشکرا بکەن.

**هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی بەناو "ئەهلی" و غەیرە ئەهلیی کوردیش، سەرکردایەتیی کوردستان بە کێشە دروستکردن لەگەڵ "ناوەند" تۆمەتبار دەکەن "واتە لایەنی عێراقی"ی لێ بێ بەری دەکەن و خزمەتێکی بە خۆڕایی دەکەن!**

# وتارەکەی ئۆباما لە قاهیرە:
# کوردو قازانجە ناڕاستەوخۆکان



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

سەرۆکی ئەمەریکی باراك ئۆباما بە راشکاوی ناوی کوردی نەهێنا لە وتارە گرنگەکەی خۆی دا لە پایتەختی میسر لە قاهیرە، بەڵام دەقی وتارەکە بە هەموو ئەو ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەی بە خۆیەوەی گرتبوو، چەندین قازانجی سیاسیی گەورەی بۆ کورد هەبوو، گەرچی ئەم قازانجانە زۆرتر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوون.

یەك لەو قازانجە ناڕاستەوخۆیانە ئەوە بوو کە ئەو سەرۆکە پێست رەشەی ئەمەریکا سەر لە نوێ دووپاتی ئەوەی کردەوە کە چارەسەر کردنی کێشەکانی جیهان، بە تایبەتی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی موسوڵمان، پێویستە تەنیا بە شێوازی دایەلۆگ و دیپلۆماسی پەیڕەو بکرێن. بە گوتەی ئۆباما، خۆ پارێزی لە روو کردنە دایەلۆگ و دیپلۆماسی، لە ئەنجامی کۆتاییدا، زیانێکی زۆر بە ئاشتی و سەقامگیری و بوژانەوەی سیاسی و ئابووریی ناوچەکان و جیهان دەگەیەنێت.

ئەوەی راستی بێت، وتارەکە خۆی لە خۆی دا جێبەجێکردنی یەك لەو بیست و نۆ پەیمانانە بوو کە ئۆباما لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە نۆڤەمبەری ساڵی رابردوو بە دەنگدەرانی ئەمەریکای دا بوو، ئەوسا پەیمانەکەی ئۆباما ئەوە بوو کە لە یەك لە پایتەختە گرنگەکانی جیهانی ئیسلامی وتارێکی راشکاو ئاراستەی موسوڵمانان بکات و داوایان لێ بکات دەست لە ترس و دڵەراوکێ هەڵبگرن بەرامبەر بە ئەمەریکاو هەوڵ بدەن لە رێگەی دایەلۆگ و دیپلۆماسی و شێوازی ئاشتیانەوە کێشەکانی نێوان خۆیان لە لایەك و کێشەکانی نێوان خۆیان و ئەمەریکا لە لایەکی دیکە چارەسەر بکەن. هەر بە گوتەی ئۆباما، ئەمەریکا لەو بوارانەدا ئامادەیە هەموو جۆرە ئاسانکارییەك بکات و هەموو جۆرە پشتگیرییەك پێشکەش بکات. دیارە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەوپەیمانە، ئۆباما قاهیرەی هەڵبژاردوو لەوێوە بانگەوازەکەی ئاراستەی موسوڵمانان کرد.

بە هەر حاڵ ناواخنی وتارەکەی ئۆباما چەندین تەوەری گرنگی گرتبووە خۆی لە سەر هەموو ئاستە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و جیهانییەکاندا. ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێت، سێ لە تەوەرەکانی وتارەکە گرنگییەکی تایبەتیان هەبوو:

**یەکەم،** دووپات کردنەوەی مەبدەئی چارەسەری سیاسی و دایەلۆگ و دیپلۆماسی، بایەخی ئەو مەسەلەیە لەوەدایە کە هەندێك ناوەند پێیان وایە ئەمەریکا ئەگەر هاتوو هێزەکانی خۆی لە عێراق کشاندەوە، ئەوا ئیتر هیچ ئیلتیزامێکی ئەوتۆی بەرامبەر بە کورد نامێنێت و رەنگە کورد گورگانخواردوو بکرێت. پێ ناچێت ئەم جۆرە لێکدانەوەیە راست بێت. یەك لە بەڵگەکانیش وتارەکەی ئۆبامایە. لەو وتارەدا، دەردەکەوێت کە ئەمەریکا لە رێگەی سیاسەت و دیپلۆماسییەوە هەر لە عێراق دەمێنێتەوەو بگرە قورساییە سیاسییەکەی لە ناو هەلومەرجی ناوەخۆو دەرەوەی عێراقدا رەنگە بەهێزتر بێت لە ئێستا.

ئینجا، لەوەش بەولاتر، هیچ هێزێك و دەوڵەتێك، توانستی ئەوەی نابێت بە سوپا هێرش بکاتە سەر کوردستان و هەوڵی تێکشکاندنی دەسکەوتە دیموکراسییە گەورەکانی بدات، چونکە ئیتر زەمان لە سەردەمی ئۆبامادا زەمانی هێرش و سوپاو تێکشکاندن نییە، بەڵکو زەمانی دایەلۆگ و گفتوگۆیە. لە راستی دا مەترسییەکە لێرە نییە، بەڵکو لەوەدایە کە دەوڵەتانی ناوچەکە، بە تایبەتی عێراق، خۆ لەوە بپارێزن بە شێوەیەکی دیپلۆماسی داخوازییە دەستوورییەکانی کورد دابین بکەن. ئەم خۆپاراستن و خۆ دوورگرتنە لە چارەسەری سیاسی و دەستووری یەك لە مەترسییە گەورەکانە بەسەر دوارۆژی کوردەوە، بۆیە کاتێك ئەمەریکا دێت و لە رێگەی سەرۆکەکەیەوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا پابەندە بە هاندانی چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی و دایەلۆگ، ئەوا لە جەوهەردا هەر هەمان ئەو بۆچوونە دووپات دەکاتەوە کە کورد دەیخوازێت. واتە بۆچوونی پەلە کردن لە چارەسەری سیاسی و وەلانانی سیاسەتی خۆپاراستن لە دابین کردنی یاساو دەستوورو ئاشتی و تەبایی.

لە تورکیادا، کورد زۆر بە تەنگ راگرتنی شەڕو روو کردنە چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسییە. لە ئێران کورد نەیشاردۆتەوە کە تاکە رێگە بۆ چارەسەری کێشەکەی ئەوەیە حکومەتی تاران روو لە مەنتیقی عەقڵ و سیاسەت بکات و لەگەڵ کورد بکەوێتە دایەلۆگ و گفتوگۆی سیاسییەوە. لە عێراق کورد هەمان هەڵوێستی گرتووە ئەگەرچی لە عێراقدا بە پێچەوانەی تورکیاو ئێران، کورد خۆی بەشێکە لە حکومەت و پرۆسەی سیاسی.

لە راستیدا، شێوازی خەباتی سەربازی و رووکردنە چەك، لە جیهانی ئەمڕۆدا، تا رادەیەکی زۆر بە زەحمەت کەوتووە، بەڵام بۆ خەباتی سیاسی و شێوازی دیپلۆماسی هەمیشە دۆست و پشتگیری زۆرە. وتارەکەی ئۆباما لە قاهیرە دووبارەی ئەو راستییەی کردەوە کە ئەمەریکا مکوڕە لەوەی پشتی کورد لە بواری دایەلۆگ و هەوڵ و کۆششی سیاسیدا بگرێت، ئەمەش رێك پێکانی ئەو مەبەستەیە کە کورد ماوەیەکی درێژە هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام دوژمنەکانی رەتی دەکەنەوە.

**دووەم-** زەمانێکی دوورو درێژە، بە تایبەتی لە قۆناغی شەڕی ساردی جیهانی، بەرژەوەندییە سیاسییەکانی کورد لەوەدا خۆیان دەدۆزیەوە کە دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی دەوڵەتانی دەوروپشتی عێراق و کوردستان، هەمیشە کێشەو گیروگرفت و شەڕو ناکۆکییان لە نێواندا هەبێت، ئەمجۆرە کەشوهەوا توندو خوێناوییە لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە، قازانجی سیاسیی گەورەی بۆ کورد هەبوو، یەك لەو قازانجانە ئەوە بوو کە دەرفەتی هەناسەدان و ژیان و جوڵانەوەی سیاسی و سەربازیی لەبەردەم فراوان دەکرد، بەڵام دوای گۆڕانکارییەکانی سیستەمی سیاسی لە جیهاندا بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٩٠، ئیتر وردە وردە ئەم پێوانەیە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تێکەوت، تا کار گەیشتە ئەوەی لە دوای رووخانی رژێمی پێشووەوە، ئیتر قازانجە سیاسییەکانی کورد لەوەدا خۆیان بینی یەوە کە دەوڵەتانی دەوروپشت بکەونە ئاشتی و پرۆسەی دیموکراسی تا لەو رێگەیەوە روو لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکەن بە شێوازی سیاسی.

کاکڵی قازانجی کورد لەو ئاشتی و سەقامگیرییەی کەشوهەوای ناوچەیی لەوەدایە کە ئەگەر دەوڵەتانی دەوروپشت لە کەشوهەوایەکی سەقامگیرو هێمن و هێور رەفتار بکەن، ئەوا بزاڤی دیموکراسی و بینای ئابووری و تەکانی ئاشتەوایی لە ناو بونیادی سیستەمە سیاسییەکانیاندا گەشە دەسێنێت و ئیتر دەرفەتێکی لەبار بۆ کورد دروست دەبێت کە بە شێوازی سیاسی کێشەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە چارەسەر بکات. رەنگە لەم بوارەدا تورکیا نموونەیەکی بەرچاو بێت. تا ئەنقەرە خاوەنی کێشە بوو لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشتی خۆی، دەزگای سوپاو هێزە سیاسییە تۆرانی یەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ خوڵقابوو کە دەسەڵاتی گەورەیان هەبێت و بزاڤی دیموکراسی ناچار بکەن روو لە پاشەکشێ کردن بکات. لە ئەنجامی ئەو حاڵەتەش، کوردو پێکهاتەکانی دیکەی ناو دەوڵەتی تورکیا، زیانی گەورەیان لێ بکەوێت و هیچ دەرفەتێکیان بۆ دابین نەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانیان لە رێگەی سیاسەت و دایەلۆگی دیموکراسییەوە.

بەڵام کاتێك کەشوهەوای ناوچەیی لە دەوری تورکیا هێور بووەوە مەسەلەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یۆنان و قوبرس و ئەرمینیاو کوردستان و سوریا و ئێران بەرەو چارەسەری رۆیشت، ئیتر دەرفەتێکی گەورە هاتە پێشەوە بۆ بزاڤی دیموکراسی لە تورکیادا. هەروەها دەرفەتی پاشەکشە کردنی سوپاو حزبە تۆرانی یەکانیش زۆرتر بوو. لە ئەنجامیشدا، کار گەیشتە سەر ئەوەی کە ئەنقەرە راشکاوانە باس لە چارەسەری سیاسی و رۆشنبیریی کێشەی کورد بکات. ئەوەی راستی بێت، ناکۆکی پەیدا کردن لەگەڵ دەوروپشت هەمیشە یەك لەو پاساوانە بووە کە هێزە سیاسییە دژ بە دیموکراسییەکان بەکاریان هێناوە بۆ خۆ دوورگرتن لە دیموکراسی و کرانەوە بەسەر فەزای ناوخۆدا.

وتارەکەی ئۆباما لە قاهیرە، بانگێکی ئاشکراو راشکاوی دەوڵەتانی ناوچەکە بوو بۆ دەست هەڵگرتن لە ناکۆکی و رووکردنە بوژانەوەی دیموکراسی و چارەسەری سیاسی. لەم بوارەدا نموونە سەرەکییەکەی ئۆباما ئێران و ئیسرائیل و فەلەستینی یەکان بوو، بەڵام دیسانەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو مەبدەئە مەسەلەی کوردیشی دەگرتەوە، چونکە وەك مەعلوومە کێشەی کورد یەك لە کێشە بنەڕەتییەکانی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریایە.


**سێیەم،** تورکیا یەك لە نموونە ناڕاستەوخۆکانی ئۆباما بوو لە بواری ئاشتەوایی ناوەخۆو دەرەکی، بە تایبەتی لە بواری ئاشتەوایی لە نێوان رۆژئاواو ئیسلام. راستە لە وتارەکەدا سەرۆکی ئەمەریکا بە ئاشکرا هێمای بە کورد نەکرد، بەڵام پێشتر لە ئەنقەرە چاوی بە نوێنەرانی کورد کەوتبوو. هەروەها لەوێ هانی حکومەتی ئەنقەرەیشی دابوو کە روو لە دایەلۆگی سیاسی بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد. ئینجا بەر لە وتارەکەی قاهیرەی، سەردانی فەرەنسای کرد بوو. لەوێش بە پێچەوانەی ئەورووپییەکان دووپاتی ئەوەی کردبووەوە کە تێکەڵاو کردنی تورکیا لەگەڵ پێناسەی ئەورووپی و نزیك کردنەوەی لە یەکێتی ئەورووپا و وەرگرتنی لەو رێکخراوەدا، قازانجی زۆری دەبێت و یەك لەو قازانجانە ئەوە دەبێت کە تورك گەرمتر بەرەو ئاشتەوایی و چارەسەری سیاسی و دایەلۆگ بڕۆن.

لە قاهیرەش، بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئاماژەی بۆ تورکیاش کردو سەر لە نوێ هانی دا بۆ ئەوەی هەنگاوی جیددی ترو بە پەلەتر لە رێگەی ئاشتەوایی ناوەخۆو دەرەکی هەڵبگرێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، نامەیەکی ناڕاستەوخۆی دیکە بوو بۆ بەغدا کە ئەگەر واشنتۆن ئامادە نەبێت پشتگیری لە سیاسەتی توندوتیژیی دەوڵەتێکی هاوپەیمانی وەکو تورکیا بکات لە بواری مافەکانی کورد، ئەوا قەت ئامادە نابێت قبوڵی سیاسەتێکی لەو بابەتە لە عێراق بکات.

بە هەر حاڵ، وتارەکەی ئۆباما، بە رای چاودێران، سەرەتای قۆناغێکی تازەیە لە بواری دیموکراسی و گەشانەوەی ئابووری و سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کورد قازانجی گەورە لەو قۆناغە دەکات و نەك تەنیا کێشەکەی لە عێراق، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا ئیتر رووەو چارەسەری دەڕۆن. ئەمەش قازانجێکی ستراتیژیی زۆر گەورەو گرنگە بۆ کورد ئەگەرچی لە وتارەکەی سەرۆکی ئەمەریکیدا بە راستەوخۆ ئاماژەیشی پێ نەکرا.

**کاتێک ئەمەریکا دێت و لە رێگەی سەرۆکەکەیەوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا پابەندە بە هاندانی چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی و دایەلۆگ، ئەوا لە جەوهەردا هەر هەمان ئەو بۆچوونە دووپات دەکاتەوە کە کورد دەیخوازێت**

## هەڵسەنگاندنێک بۆ (هەڵهاتن لە بۆشایی)



# بێئومێدی بەخشینەوە و هەڵهاتن لە بەرپرسیارێتی

هەر پێشنیار و پرۆژەیەک بۆ رەخنە کراوە نەبێت مەعریفەی تێدا نییە


گوڵان
ژمارە (٧٣٧)
٢٠٠٩/٦/١٥

**رەخنەیە رۆشنبیر لە کاهینێک جیادەکاتەوە، داخستنی دەرگای رەخنەگرتنیشە بەرهەمی ئەقڵی کاهینێکت وەک تێکستێکی پیرۆز پیشاندەدا**

بەختیار عەلی وەك كەسێكی رۆشنفكر و نووسەرێكی دیار لەناو كۆمەڵگەكەماندا جێ پەنجەی دیارە و توانیویەتی خوێنەر بە ڕێژەیەكی بەرفراوان بۆ خۆی دروستبكات، بە تایبەت ئەو كاتانەی گرنگی بە بوارەكانی ئەدەب دەدات نەك سیاسەت، واتا مەرج نییە ئەوانەی لە بواری ئەدەبدا سەركەوتوون ئەوا لە بواری سیاسەتیشدا سەركەوتووبن، مایاكۆفسكی ئەگەر نەچووبایە نێو حزبەوە، لەوانەیە خۆی نەكوشتبا و نامیلكەی شەوی ئاخیرەت ی نەنووسیبوایە كە تیایدا بانگەشەی كرێكارو جوتیار بكات. ئەوە بەو مانایە نییە بەختیار شۆلۆخۆف ی كورد بێت و لە كارەساتی شەڕی ناوخۆدا چارەنووسی مرۆڤی كوردی بۆمان نووسیبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقەكانی بەختیار بەتایبەت ئەوەی بە سیاسەتی دەكات بوارێكی بەرفراوان بۆ گفتوگۆ دەكاتەوە، چونكە چارەنووسی هەموولایەكمانی پێوە بەستراوەتەوە، مانای ئەوەش نیە دەقە سیاسییەكانی بەختیار عەلی بە هەمان شێوەی دەقە ئەدەبییەكان گرانبەهاییان هەبێت، لەمێژوودا زۆر وێنەی زیندوو هەن سیاسەت بەهرەكانی كوشتوون، لەكاتێكدا بەهرەی ئەدەبیان لە كانییەكی روونی بەر تریفەی مانگەشەو دەچوو، بەڵام سیاسەت وای لێكرد ئەوكانییەی مرواری لە بنیدا گەمەی دەكرد لێی وشك بوو. . . بۆیە كاتێك كاك بەختیار ئاماژە بۆ هێزێك دەكات كە بە قسەی خۆی گۆڕانێك دروست دەكات، لەنێو هەناوی كۆمەڵگایەكدا كە ئەو كۆمەڵگایە خودان مێژوویەكی مردووەو چی پۆخلەواتی مێژوو هەیە بە سەرو پۆتەلاكی پارتی و یەكێتی دا داوەو، لەولایشەوە ئومێدی گۆڕانێك دەخوازێ كە تەواو لە فیكرو تیۆرو سیاسەتدا لەم دوو حزبە جیاوازەو لەوەش سەرسامتر وای نیشانداوە ئەم گۆڕانە وەك ئەوەی بەشێك نەبووبێت لەو مێژووەی كە لەحەفتاكان و هەشتاكان حزبی سیاسی كوردی دروستیكردبێت، وەك ئەوەی هێزێكی كارا نەبووبێت لەوەی كە لەسەر بنچینەی دژایەتی دروست بووبێت، كێ بوون ئەوانەی هەمان عەقڵییەت و سیاسەت و شێوازی بەلشەفیانەی حیزبییان كرد بە شێوازی سەرەكی سیاسەتەكەیان؟ زۆر پرسیاری دیكە هەن پێویستیان بە تیشك خستنە سەر هەیە بۆیە لەم گۆشە نیگایەوە بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەكی هێمنانە لەگەڵ كاك بەختیاردا بكەین، چونكە ناكرێ لەئاست هەڵەكان بێدەنگی بنوێنین، لەكاتێكدا سیاسەت چارەنووسی هەموولایەكمانی پێوە بەندە. بڕواشمان وایە تەنها دیالۆگی ژیرانەیە دەمانگەیەنێتە حەقیقەتەكان، ئەنجامدانی ئەو دیالۆگەش بە شێوەیەكی زانستیانەو بابەتیانە بەشێكە لە ئەركە نیشتمانییەكانمان، چونكە چیدی نابێت میللەت وەك مێگەل سەیر بكرێت و بۆ كام لای ببەی ئیتر بەدواتدا بێت، ئێستا كاتی ئەوە هاتووە هەر تاكێكیش قسەی خۆی هەبێت، بێ ئەوەی كەسمان لەسەر حیسابی لەناوچوونی ئەوی دیكەمان دەرگای دیالۆگ بكەینەوە. بڕواشمان وایە ئێمەو بەختیار عەلی ئەوەندە لە یەك جیاواز نین بەقەد ئەوەی هەر یەك بە دیوێك دەڕوانینە راستییەكان، ئەگینا هەردوولا داوای باشتركردنی دۆخەكە دەكەین، جیاوازییەكە لەوەدایە ئێمە دەمانەوێ ئەوەندەی تا ئێستا كراوە ئیتر پێویستە خێراتر بەرەو باشتری ببەین، هەرچی كاك بەختیارە بە شێوەیەك دەڕوانێتە گۆڕان وەك ئەوەی عەسای سیحری پێبووبێت و لە هیچەوە هەموو شتێك ئەنجام بدات، ئا لێرەوەیە بە گفتوگۆی زانستیانە رووی



راستییەکان بۆ خوێنەر دەردەکەون و، تەنها بە گفتوگۆش ئاسۆی ئێستاو ئایندەمان فراوانتر دەبێت.

گرفت ئەوەیە هەوڵدانمان بۆ چارەسەری کێشەکان و هەوڵدانمان بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی گونجاو، لاوازە، ئەمەش واتە (بۆشایی) هەیە، واتە (هەڵهاتن)هەیە، راستە لە کۆمەڵگەی ئێمە (بۆشایی) و (هەڵهاتن) هەیە، بەڵام هەڵسەنگاندن و رەخنەی ئێمە لە سەر پێناسەکردنەوەی (بۆشایی ) و(هەڵهاتن)جیاوازە.


## پێناسەکردنەوەی (بۆشایی) و(هەڵهاتن)

بەختیار عەلی، لەگەڵ بابەتێکی ئاڵۆز وتێکچرژاودا هەوڵێکی زۆر بەنرخ و جوانی خستۆتە گەر، ئەم بابەتەش لەو راستییەوە جوانیەکەی دەردەکەوێت، کەوەك بابەتێکی فیکری، لە یەکەم دێرەوە دەرگایەکی فراوان بە رووی رەخنەی بابەتیانە دەخاتە سەرپشت، دەستنیشانکردنیشی بۆ وشەی (بۆشایی )جیاواز لە بۆشایی سیاسیی، بۆشایی رۆحی، وردەکارییەکی زیاتر دەخاتە بەردەستی خوێنەر، بۆ ئەوەی بە ئاستی وردەکارییەکانی، رەخنەی بابەتیانەش خۆی وردبکاتەوە، بەڵام رەخنەی بابەتیانە بەو مانایە تەفسیر نەکرێت، کە مەبەست ئەوەیە سەرتاپا ئەم خوێندنەوەیە رەتبکرێتەوە، نەخێر دەبێت رەخنەکان بە هەوڵدانێکی دیکە سەیر بکرێت، بۆ ئەوەی لەناو خوێندنەوەکەی بەختیاردا، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەڵە وکەموکورتیەکان بەردەوام بێت، چۆن خوێندنەوەکە بۆ واقیعی ئێستا، هەوڵێکە بۆ (ئێستا) یەکی باشتر، رەخنەکانیش دەبێت بەو چاوە بخوێنرێنەوە، هەوڵێکە بۆ بەشداری لە چارەسەرێکی باشتر بۆ ئەو واقیعە باشترەی کە بەختیار لە نووسینەکەیدا هەوڵی بۆداوە.

لێرەوە ئەم خوێندنەوەیە یان با بەو جۆرە دەست پێبکەین، رەخنەکانمان بۆ دۆزینەوەی هەڵەو کەموکورتیەکانی ناو نووسینەکەیە، کە لەبنەڕەتدا بۆ نووسەریش باشترە بەخوێندنەوەی تازە یان بە هەوڵی تازە یان بە رەخنەی تازە، هەڵە و کەموکورتیەکانی بۆ بدۆزینەوە، ئەمە ئەرکی راستەقینەی رۆشنبیرە، کە بەردەوام ژیانی هەوڵ و هەڵەکردن و چارەسەرکردنی هەڵەکانە، ئەمە ئەو دەرگایەمان بۆ دەکاتەوە بەدەنگی بەرز بڵێین، هەر رەخنەیە رۆشنبیر لە کاهینێك جیادەکاتەوە، رەخنەیە، تێکستی رۆشنبیرێك لە تێکستی کاهینێك جیادەکاتەوە، هەر رەخنەشە کاری ئەقڵانی رۆشنبیرێکت وەك خۆی دەخاتە بەردەست، هەر داخستنی دەرگای رەخنەگرتنیشە بەرهەمی ئەقڵی کاهینێکت وەك تێکستێکی پیرۆز پیشاندەدا.

لەم چوارچێوەیەدا، پرسیاری ئێمە ئەوە نییە، ئایا بۆشایی هەیە یان نییە؟ بێگومان بۆشایی هەیە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئەو بۆشاییە چۆن دروست بووە؟ کێن ئەوانەی لەو بۆشاییە هەڵدێن؟ ئەی ئەم بۆشاییە چۆن پڕدەکرێتەوە؟ ئەی رۆشنبیران ئەرکێکی گرنگی ویژدانیان لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشایە ناکەوێتە ئەستۆ؟ ئەوانەی لەو بۆشاییە هەڵدێن، بەرەو کوێوە هەنگاودەنێن؟ ئەمە هەڵهاتن نییە لە بەرپرسیاریەتی؟ زۆر پرسیاری دیکەهەن و پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە. بۆیە هاوکاریکردنی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی سەرشانی ئەو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانەش کە لەم قۆناخەدا هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن. هەست دەکەن پڕکردنەوەی ئەو (بۆشایی)یەو، شاندانەبەری بەرپرسیاریەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو ئەرکی سەرشانی ئەوانیشە، ئەمەش دەبێتە کەشێکی تەندروست، بۆ ئەوەی پێشنیاری جیاواز، خوێندنەوەی جیاواز، بە کەوتنەگەڕی هەوڵی هەموان دەست پێبکات، بۆئەوەی لە نێوان پێشنیار و خوێندنەوە و رێگا جیاوازەکاندا، باش وخراپەکان لێکجیابکەینەوە، لە ناوباشەکاندا باشتر جیابکەینەوە، لە ناو باشترەکاندا، باشترین هەڵبژێرین، هەموو ئەمانەش بەرەنجامی رەخنەکان و بەرەنجامی خوێندنەوە و پێشنیارە جیاوەزەکان دەبن.

**ئایا نموونەیەک لەم جیهانەدا هەیە گۆڕانی (کلی) کۆمەڵگەی بەرەو دیموکراتی و لیبرالیزم بردبێت؟ئایا نموونەیەک لە جیهاندا هەیە، ئایدۆلۆژیەت توانیبێتی بەو ئاراستەیە گۆڕانکاری بکات کە پاشان ئاکامەکەی دیموکراتی لیبرالی بێت؟**



ئەو پرسیارەی لێرە دەیکەین ئەوەیە، ئەگەر لە دەستنیشانکردنی (بۆشایی) و (هەڵهاتن) لەگەڵ نووسەر هاورابین، ئەی جیاوازیەکانمان چیین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین، جیاوازیەکانمان لە پێناسەکردنی جیاوازەکانی (بۆشایی) و(هەڵهاتن) ەوە دەست پێدەکەن، ئەو چەمکەی نووسەر ناوی لێناوە(بۆشایی) وەك خۆی ئاماژەی پێکردووە گوایا بۆیەکەم جارە باسدەکرێت، مەبەست یان تێگەیشتنی ئێمە لە (بۆشایی) وەك ئاستەنگێگ لەبەردەم بیرکردنەوە لە ئێستاو ئایندەیەکی باشتردا دیاری دەکات، ئەم چەمکە بێجگە لەوەی چەمکێکی تازە نییە و پێشتر کەم تازۆر گوڵان کاری لەسەر کردووە، لەهەموو راپۆرتە رەخنەییەکانی لەسەر(دیموکراسی و لیبرالیزم، چارەسەرکردنی گەندەڵی، کۆمەڵگەی کراوە، کۆمەڵگەی ئەکتیڤ. . هتد) ئاماژەمان بەوەکردووە، بۆشاییەك لە نێوان هەوڵەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتی وهەڵەکانمان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەردەوامیش هەوڵمانداوە، بەشێوەی بەش بەش(جزئی) هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێت باشترە نەك رادیکالی سەرتاپاگیر (کلی)، بۆیە رەخنەی سەرەکی ئێمە لە دەستنیشانکردنی (بۆشایی) لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە کاك بەختیار نەیشاردۆتەوە و بە دەق نووسیویەتی: (هەر هێزێکی نوێ بیەوێت گۆڕان دەست پێبکات، دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکات) ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە، واتە گۆڕانێکی ریشەیی (کلی) واتە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سەرجەم دامەزراوەکان، واتە سەرلەنوێ بەسفرکردنی ئەوەی لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا کراوە، واتە هەڵتەکاندنی ئەو ژێرخانە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەی کە ماوەی ١٨ ساڵە بونیاد دەنرێت و ملیارەها دۆلاری دە قەبەر کراوە، ئەمە هەڵەوکەموکورتی ترسناکتر لەو نووسینە دەخاتەڕوو، بەوەی رۆشنبیرێك لە واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆی یاخی دەبێت، سروشتێکی تۆتالیتاری بە دامەزراو و سروشتی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت، ئەم سروشتە خەیاڵیە تۆتالیتاریەی نووسەر لەسەر واقیعی کوردستان دروستیکردووە، ئەو مافە بە خۆی رەوا دەبینێت، بانگەشە بۆ ئەوە بکات و راسپاردەی ئەوە بدات، کە دەبێت ئەو هێزە نوێیە خەولێکەوتووەی بە بڕوای ئەو، مێژوو خەبەری دەکاتەوە و ئەرکی بۆ دەسنیشان دەکات، دەبێت ئەرکەکەی ئەوە بێت سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە، جیاوازی بۆچوونەکان لێرەوە دەست پێدەکەن، ئایا بەختیار دەتوانێت وەك رۆشنبیریك تەنها بانگهێشتی کۆمەڵێك رۆشنبیر بکات (رۆشنبیرانی دراوسێی کوردستان، هاوشانی ئەدۆنیس و بێشکچی و سروش، لە عێراقیش هاوشانی حەسەن عەلەوی و فالح عەبدولجەبار و . . هتد) بکات و بە هاوکاری ئەوانیش بیسەلمێنیت ئەم سیستمە سیاسیەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، سیستمێکی تۆتالیتاری (یان ئەو وشە داهێنراوەی خۆیەتی کەناوی ناوە- زیاد لاسار- ئەمەش وشەیەکی تازەیە مانای تۆتالیتاری ناگەیەنێت، هەروەك چۆن حزبکوێری مانای حزبۆکراتی ناگەیەنێت)، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن رۆشنبیر زاتی ئەوە دەکات تۆمەتی تۆتالیتاری بداتە پاڵ دەسەڵاتێکی سیاسیی، کە هیچ سیمایەکی تۆتالیتاری (بەشرۆڤەی زانستی سیاسیی، نەك بەشرۆڤەی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی چەقبەستوو) لەم وڵاتە بوونی نییە، ئایا ئەمە تۆمەت بەشینەوە نییە، کە خۆی لە نووسینەکەیدا لایەنی مەبەستداری لێ ئاگاردەکاتەوە، بە جۆرێکی دیکەی ئەقڵانی سیاسەت بکات، دەبێ کاك بەختیار چۆن لە ئەقڵانیەت و مۆدێرنە گەیشتبێت؟ کە دەشڵێین چۆن لێی تێگەیشتبێت، مەبەستمان ئەوەنییە، ئەو لەسەر ئەقلانیەت شتی نەخوێندۆتەوە یان پێی ئاشنانەبووە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە تێگەیشتن یان بەکارهێنانی ئەقڵانیەت لە سیاسیەتدا، جیاوازە لە تێگەیشتنی ئەقڵانیەت کە نووسەرێك لە رۆمانێکدا بەکاری دەهێنیت، تێگەیشتنی سیاسیانە بۆ چەمکی ئەقڵانیەت و پیادەکردنی سیاسەتی ئەقڵانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، سیاسەتی پیادەکراو لەگەڵ وردەکاری تێگەیشتنی واقیعی زەمەنی تایبەتی کۆمەڵگە لێکجیاناکاتەوە، واتە بەو سیاسەتە دەڵێت سیاسیەتێکی ئەقڵانی کە بە شێوەیەکی ئەقڵانی چارەسەری بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان دۆزیبێتەوە، لەوانەیە ئەم دەستنیشانکردنە لە رۆمانێکدا بەو جۆرە نەبێت، هەربۆنموونە، ئاساییە رۆماننووسێك کەسێتی (تۆماس هۆبز) وەك بەکرێگیراوی پادشا پیشان بدات، بەڵام بێ ئاگاییە بۆ سیاسەتزانێك بەوجۆرە سەیری تۆماس هۆبز بکات، سیاسەتزانەکە دەبێت بەپێی واقیعی ئەو سەردەمەی ئینگلتەڕا سەیری کارەکانی هۆبز بکات، بەڵام مەرج نییە رۆماننووسێك ئەمەی لەسەر فەرز بکرێت، یان بەبێ ئاگا تۆمەتبار بکرێت، نموونەی دیکە زۆرن ئاساییە لە رۆمانێك یان شانۆنامەیەکدا کەسایەتی مایکاڤیلی بە کەسایەتییەکی هەلپەرست و ریوی و درۆزنانە بچوێنی، بەڵام لە زانستی سیاسەتدا مایکاڤیلی ئەوەنییە کە لە رۆمانەکە یان شانۆنامەکەدا هاتووە . جیاوازی نێوان ئەم دوو حاڵەتە لەوەدایە، رۆماننووسێك دیمەنەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، رووە سەتحیی واقیعەکە دەشکێنێت و دەچێتە ناو قووڵاییەوە، بەڵام لە قووڵاییدا لەبری ئەوەی دەلالەتە شاراوەکانی وشەکانمان پیشانبدات، ئەو دەلالەتەمان پیشاندەدا، کە خودی رۆماننووسەکە دەیەوێت دەلالەت بۆ وشەکان دروست بکات، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کاتێك رۆماننووسێك مامەڵە لەگەڵ واقیع وەك تێکستی رۆمانێك دەکات، دەبینین ئەو چارەسەرە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە خۆی مەبەستێتی رۆمانەکەی پێ تەواو بکات، ئەم حاڵەتەش پۆلێك هاودژی لە نێوان شرۆڤەی رۆماننووسێك و شرۆڤەکارێکی سیاسیی دروست دەکات، ئەمە لە پێناسەکردنی کاك بەختیاردا بۆ (بۆشایی)و (هەڵهاتن)، چۆنیەتی پڕکردنەوەی (بۆشایی) و ئەرکی سەرشانی ئەو کەسانەی

**ئەوە خاوەنی بەرنامەی ریفۆرم نییە چاوەڕوانی مەرگی سکرتێری یەکێتی دەکات؟ ئەی ئەوە پارتی نییە بە تێکچوونی تەندروستی ئەو سکرتێری گشتییە زۆر نیگەران دەبێت؟سەیرکەن بخوێنی بەڕێز کاك بەختیار چۆن خۆی لە راستییەکان لاداوو خوێنەر بۆ تاریکایی هەرەتە دەکات!!**

دەبنە (پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییە) کەوتۆتە کۆمەڵێك هاودژیەوە، کە لەگەڵ واقیعدا نەك نابنە چارەسەر بەڵکو پێچەوانە رادەوەستنەوە، هەربۆیە ئاساییە وەك رۆماننووسێك، بەپێی لێکدانەوەیەکی مێژوویی یان پیادەکردنی میتۆدی هیستۆریسیزم (Historicism)، رەسمی (بۆشایی) و (هەڵهاتن) لە ناو کارەکتەرەکانی دروست بکات و ئاسایشە بۆ پڕکردنەوەی ئەو (بۆشایی) ەش و رێگرتن لە (هەڵهاتن)کارەکتەر بە خواستی خۆی دروست بکات و، ئەرکی پڕکردنەوەی بۆشاییەکەیان پێ بسپێرێت، بەڵام گواستنەوەی میتۆدی پیادەکراوی ناو ئەو رۆمانە بۆسەر ئەرزی واقیع، ئەمە رووبەڕووی حاڵەتێکمان دەکاتەوە کە دەکرێت پێی بڵێین (نەزۆکی فیکری) واتە فیکر بوونی هەیە بەڵام نەزۆکە هیچ چارەسەرێکی لێ دروست نابێت، چونکە میتۆدی هیستۆریسیزم بۆ شرۆڤەی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی، مەزهەبی کۆمەڵایەتی و مەزهەبی سروشتی بۆ مەزندەکان تێکەڵدەکات، ئەو مەزەندانەی مەزهەبی زانستی سروشتی بۆ رووداوێکی سروشتی دەیکات جیاوازە لەو مەزندانەی شرۆڤەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ رووداوێکی کۆمەڵایەتی دەکات، زانستی سروشتی دەتوانێت بە چرکە وخولەك و کاتژمێر و رۆژ ومانگ وساڵ، پێمان بڵێت کەی مانگ و رۆژ دەگیرێن و، وەك رووداوێك روودەدەن، ئەم رووداوە رووداوێکە ئەقڵی مرۆڤ تیایدا دەستەوەستان دەبێت، تەسلیم دەبێت و چاوەرێی روودانی رووداوە سروشتیەکە دەکات، دەکرێت بەپێی زانستی سروشتی و بایۆلۆژی و تەنانەت لە هەندێك بواری ئابووریش، کەشوهەوایەکی دابراو لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دروست بکرێت و تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێت، هەر بۆ نموونە دەکرێت، لەسەر زەوی تاقیگەیەك دروست بکرێت، وەك کەشوهەوای سەرمانگ وابێت و دەستکاری هێزی راکێشانی زەوی بکرێت، دەکرێت لە تاقیگەیەکدا و بە بەکارهێنانی چەند مشکێکی سپی، چەندین تاقیکردنەوە لەسەر دەرمانێك بکرێت و پاشتر بۆ مرۆڤ بە کاربهێنرێت، دەکرێت لە زانکۆیەکدا بە بەکارهێنانی زانستی بیرکاری وئامار مەزندەی گۆڕانکاریە ئابوورییەکان بکرێت، بەڵام ناتوانین، لە کۆمەڵگەدا گۆڕانەکان تاقی بکەینەوە، ئاخر ئەوە چارەنووسی نەتەوەیەك و نیشتمانێکی سووتماکە. بەیدەبای فەیلەسوفی هیندی دەڵێت، ناتوانرێت، ژەهر بۆ تاقیکردنەوە بەکاربهێنرێت، ئەم نموونەی بەیدەبا تارادەیەکی زۆر دەکرێت وەك تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵگە سەیریان بکەین، لەبەر ئەوەی دوای خواردنەوەی ژەهرەکە، ئیدی ئەو کەسە کەسەکەی پێش خواردنەوەی ژەهرەکە نییە، ئەگەر نەشیکوژێت دیسان هەر کەسەکەی پێش خواردنەوەی ژەهرەکە نییە، بۆ کۆمەڵگاش بەهەمان شێوەیە، ئەمەیە فێرمان دەکات دەبێت گۆڕانکاریەکان بە ئاراستەی ئیجابی بەردەوام بن و بەش بەش (جزئی) بن، نەك سەرتاپاگیر (کلی)، ئەمەش واتە بۆ ئەوەی هەوڵەکان بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان بەردەوامبن، بۆئەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردن بەردەوام بن، نابێت هەوڵەکان کلی و رادیکاڵی بن و ئەقڵ ببێتە تەماشاکار و رۆڵی نەبێت.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری ئەو ئاکامانە بگەین کە نووسەر پێی گەیشتووە، دەبینین هەمان ئەو ئاکامانەیە کە شرۆڤە هیستۆریسیزمەکانی دیکە پێی گەیشتوون، هەر بۆنموونە:

١- داوای ئەوە دەکات دەبێت لەسفرەوە دەست بە گۆڕان بکرێت، ئەمەش واتە رووخان،

٢- گۆڕان دەکاتە حەتمی، واتە دەبێت ئەو هێزە لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئێمە بێتەدەرێ بۆ ئەوەی ئەرکی گۆڕان بگرێتە ئەستۆ.

٣- گۆڕان دەکاتە جەبری، واتە پێویستی بە هێزێکی سیاسیی هەیە نەخشەی سیاسیی کوردستان بگۆڕێت.

ئەم ٣ خاڵە کە راشکاوانە لە نووسینەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، لە کام خاڵدا لەگەڵ میتۆدی زانستی گۆڕانی کۆمەڵ و ئەقڵانیەت یەکدەگرێتەوە، بێگومان بۆ ئەوەی لەم خاڵە نەکەوینە موناقەشەیەکی کرچ و بێزەوەرەوە، بۆ ئەوەی لەسەر زانستی و نازانستی کێشمە کێش دروست نەکەین، کە لەم باسەدا خزمەتی هیچ لایەکمان ناکات، باشە کام لەم ٣ خاڵە گۆڕانی کۆمەڵ بە ئاراستەی بەرەو باشتر دەبات؟ ئایا کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای (کلی) بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی بکاتەوە، رۆڵی ئەقڵ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا لە کوێدا دەبێت، لە کاتێکدا گۆڕان حەتمی و جەبری بێت؟ ئایا نموونەیەك لەم جیهانەدا هەیە گۆڕانی (کلی) کۆمەڵگەی بەرەو دیموکراتی و لیبرالیزم بردبێت؟ ئایا نموونەیەك لە جیهاندا هەیە، ئایدۆلۆژیەت توانیبێتی بەو ئاراستەیە گۆڕانکاری بکات کە پاشان ئاکامەکەی دیموکراتی لیبرالی بێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن دەبێت پێشنیارەکانمان یان خوێندنەوەکانمان بە سەرکەوتوویی رووبەڕووی رەخنەکان ببنەوە، ئەگەر سەرکەتوو نەبووین دەبێت بەدوای رێگە چارە و پێشنیار و خوێندنەوەی دیکەدا بگەڕێین.

## بۆچی گۆڕانی (جزئی) لە گۆڕانی (کلی) بە باشتر دەزانین؟


(بۆشایی )لە نووسینەکەی کاك بەختیاردا بریتیە لە (بۆشایی) نێوان رابردوو و داهاتوو، سیاسیەتی کوردی لە ئێستادا بێ ئیشە، ئەم بێ ئیشییەش لە دوو دیاردەی زۆر گرنگەدا رەنگیداوەتەوە:

١- نەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٢- یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکان.

ئەمشرۆڤەیە پێمان دەڵێت، ئەگەرسیاسیەتی کوردی کاری بۆ ئێستا بکردایە، ئەم دوو کێشەیە چارەسەر دەکرا، بەهەرحاڵ ئەم خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی تەحسیل حاسڵە و رۆچوونی بە قووڵاییدا لێ نابینرێت,ئەگەر رۆچوونیشی بە قووڵاییدا بۆ کرابێت، بەو ئامانجە نەبووە رووەشاراوەکانی وەك راستی پیشان بدرێت، بەڵکو هەوڵدراوە ئەو دەلالەتانە لە ئاکامی رۆچوون بە قوڵاییدا دروست بکرێن کە نووسەر مەبەستێتی پیشانی بدات، ئایا ئەم قسانە لە خۆمانەوە

**ئەمەیە تووشی نائومێدیت دەکات، کاتێک تێکستی شرۆڤەی رۆشنبیرێکی وەک بە ختیار عەلی دەخوێنینەوە کە زیاتر لە چەند هەزار وشەیە، بە وشەیەک پەیوەندی ئازادی و سەروەری یاسای باس نەکردووە**



گۆران لە شرۆڤەکەی بەختیاردا، پەنای بۆ هەموو هۆکارێك بردووە، بەڵام باسی کاریگەری دامەزراوە و رۆڵی دامەزراوە و سەروەری یاسای نەکردووە

دەکەین؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی هەر لەو نووسینەدا، هەندێك خاڵ وەك راسپاردە و رێنمایی!! بۆ سیاسەتی کوردی خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەی لەسەدەی بیست و یەکەم لێ دوور بکەوینەوە. با بزانین ئەو خاڵانە چین؟:

١- سیاسیەتی کوردی لە سەدەی بیستەمدا هەموو کات تەماحی شەڕی داوەتە بەرامبەر و هەوڵیداوە لە زۆرانبازی و شەڕ بیشکێنێت.

٢- سیاسەتی کوردی لەسەدەی بیستەمدا، لەسەرەتای دروستبوونی یەکێتی لەسەربنەمای نەمانی پارتی بووە، ئێستاش پارتی گرەو لەسەر مردنی مام جەلال دەکات.

نووسەر ئامۆژگاری سیاسەتمەدارانی کورد دەکات، جارێکی دیکە تەماحی زۆرانبازی مەدەن بە دەرەوە، هەروەها پێشیان دەڵێت، لەسەر نەمانی بەرامبەر کارمەکەن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا هۆکاری نەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەرهەرێمی کوردستان، بۆ ئەوە بووە تەماحی شەڕمان خستۆتە بەردەم حکومەتی عێراق و بەشەڕ دۆڕاندوومانە، یان رێگەی یاسایی و دەستووری گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی لەشەڕ دووربکەوینەوە؟ .

باشە ئێستا بەردەوام بین لە ئارامگرتن و پابەندبوون بە چارەسەری دەستووری ودیالۆگ ودانوستاندن، یان بگەڕێینەوە بۆ دۆخی شەڕو تەماحی شەر بخەینە بەردەم حکومەتی عێراق؟ باشە ئەگەر سیاسەتی کوردی بەشەڕ کەرکوکی بگرتایە و پاشان شەڕەکەی بدۆڕاندایە، ئەوکاتە چیتان پێدەگوت، ئایا ئەو کاتیش هەر بێ ئیش بوو، یان شەڕ لە بەتاڵی باشتر دەبوو؟ .

سەبارەت بە گرەوی پارتی و یەکێتیش لەسەر نەمانی یەکتری، لەوانەیە ئەمەیان دیوێکی راست بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم جارەیان رۆشنبیر کەوتە دوای (سیاسەت و دوای سیاسەتیش)، ئەگەر هەڵە نەبین مەبەستی پۆلیتك وپۆست پۆلیتکە، politic & post- politic))،

ئەمەش لەسەر وەزنی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەیە، باشە ئێوە لەو نووسینە ئاماژە بەوە دەکەن دەبێت رۆشنبیر بکەوێتە سەروو پۆست پۆلیتیك، ئەی بۆچی ئاماژە بەوە ناکەن، سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ گوتی: (یەکێتی بۆ لە ناوبردنی پارتی دروست نەبووە، جیاوازی نێوان یەکێتی و پارتیش وەك کۆکا کۆلا و بیبسی کۆلا وایە) بۆ ئەوەی نەشگەڕێینەوە بۆ هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی بۆگەن کە خزمەت ناکات، گریمان تا ساڵی ٢٠٠٥ پارتی و یەکێتی وا سەیری یەکتریان کردووە، باشە خۆ ئەوە ٤ ساڵ زیاترە ئەو تێڕوانینەیان لە ریشەوە گۆڕیوە، ئەوە ٤ ساڵ زیاترە پارتی و یەکێتی بڕیاریانداوە پێکەوە ئیش بکەن، بڕیارنداوە بە شێوەی ئاشتیانە دەستاودەستی دەسەڵات بکەن، بڕیاریانداوە، بەرگەی رەخنە بگرن و ئازادی سیاسیی و ئازادی رۆشنبیری فەراهەم بکەن، بڕیاریانداوە ئۆپۆزسیۆن هەبێت، لەو کاتەوەی ئەم بیروبۆچوونەی پارتی و یەکێتی بەو ئاراستەیە گۆڕاوە باڵێك بە ناوی ریفۆرم دروستبووە، سەرلەنوێ سیاسەتە کۆن و ناشرینەکان زیندوو دەکاتەوە، ئێستا کێیە سیاسەتی بوغز وکینە دروستدەکاتەوە؟ئەگەر سیاسیەتی بوغز وکینە رەگێکی فاشیستیانەی هەبێت؟، چۆن ئەو رەگە لە ریشەوە هەڵدەکێشرێت؟، ئایا ئێستا پارتی و یەکێتی میراتگری سیاسەتی بوغز و کینەن؟ ناکرێت خۆمان لە راستییەکان ببوێرین، بەتایبەت بۆ کەسانێك کە رۆشنبیری ناو کۆمەڵگاکەمانن و خوێنەر بە تامەزرۆوە نووسینەکانیان دەخوێنێتەوە، لێرە لە کاك بەختیار دەپرسین ئەرێ بە راست ئەوە خاوەنی بەرنامەی ریفۆرم نییە چاوەڕوانی مەرگی سکرتێری یەکێتی دەکات؟ ئەی ئەوە پارتی نییە بە تێکچوونی تەندروستی ئەو سکرتێری گشتییە زۆر نیگەران دەبێت؟سەیرکەن بخوێنی بەرێز کاك بەختیار چۆن خۆی لە راستییەکان لاداوە خوێنەر

بۆ تاریکایـــی هەرەتــە دەکات!! ئەمە ئەرکی نیشتمانی رۆشنبیر نییە، چونکە لە سیاســەتدا عاتیفە نییە، زانســت و لۆژیك رۆڵی خۆیـــان دەبینن، خۆ ئەوە نووسینی گوناه و کەرنەڤال نییە بنووسی ((بە خاکــی ئەوتۆدا تێپەڕیم کە خەیاڵ ناوێرێ روویتێ بــکات، پیاڵەی ئەوتۆ ژەهراویم چەشت ئەهریمەن نەیوێراوە تەنیا زمانێکی لێخات . . وای لە من وای)) یان باسی ماچی با و کیشوەری ئاو و. . تد بکەیت.

## گۆڕان بەبێ میکانیزمێک بۆ پاراستنی ئازادی

کاتێك ئازادی دەخەینە ســەروو هەموو شــتێکەوە، دەبێت بپرسین ئایا پێناسەی ئــازادی چییە؟ چۆن هەســت دەکەین ئازادی بوونی هەیە و رێز لە کەرامەتی مــرۆڤ گیراوە؟ بەداخەوە لەهەموو ئەو نووســینانەی ســەبارەت بە ئازادی لەم وڵاتەی ئێمە بــڵاو دەکرێنەوە، ناتوانین متمانــەی ئەوەیان پێ بکەیــن، دەبنە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی هۆشــیاری سیاسیی هاوڵاتیانی ئێمە، هۆکارەکەشی ئاســانە، هەموو ئەوانەی باسی ئازادی دەکەن، هەوڵدەدەن پێناســەیەکی تازەمان لەســەر چەمکی ئازادی بۆ دروســت بکەن، لەکاتێکدا چەمکی ئازادی شتێك نییە دابهێنرێت، یان پێناسە بکرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئازادی هەیە، ئەوەی لەسەر رۆشنبیران پێویســتە لە مانای ئازادی تێبگــەن و مانــای ئــازادی لە خەڵك بگەیەنن، هەر بۆیە تێگەیشتن لە مانای ئازادی لە کۆمەڵگەی سروشــتیەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی سەرچاوە دەگرێت، هەتا کۆمەڵگەی مەدەنیمان نەبێت، راستە ئازادی هەیە، بەڵام نە لەمانای ئازادی تێدەگەین، نــە ئازادیش هیچ مانایەکی دەبێت، کەواتە جوانی ماناکانی ئازادی لە کۆمەڵگەی مەدەنــی دەردەکەوێت، ســیمای جیاکردنــەوەی کۆمەڵگەی سروشــتیش لە کۆمەڵگــەی مەدەنی، بوونی یاســایە، ئەمە پێمان دەڵێت یاسا یان راشــکاوانەتر ســەروەری یاسا واتە ئازادی، هەتا ســەروەری یاســا بوونی نەبێت، ئازادی بوونی نابێت، بۆیە دەبێت دەربڕی ئــەم ئازادیە کــۆی ئیرادەی تاکەکانــی کۆمــەڵ بێت، بــۆ ئەوەی کاتێــك تــاك ملکەچی یاســا دەبێت، بێجگە لە ملکــەچ بوونی بۆ ئیرادەی خۆی ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دیکە نەبێــت، ئەمە ئەو کۆمەڵگایانە لێکتری جیادەکاتــەوە کە بەیاســا حکومدەکرێن (Rule by law) لەگــەڵ ئــەو کۆمەڵگایانــەی هەموویــان ملکەچی یاســان و یاسا ســەروەرە(Rule of law)، ئــەو کۆمەڵگایانەی بە یاســا حکومدەکرێــن یاســایەك لــە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵ بەســەریاندا فەرز دەکرێت، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی یاسا تیایدا سەروەرە، ملکەچی ئیرادەی خۆیان دەبن.

لێــرەدا زۆر گرنگــە ماناکانی ئازادی شیبکەینەوەو، بپرسین ئایا مانای ئازادی هــەر تەنها ئەوەندەیە تاکەکان بە ئازادی رەخنە بگرن؟ ماناکانی ئازادی کۆمەڵێك ئــەرك و مافــن، کە پێکەوە ســیمای دەســتووری لیبرالــی یان دەســتووری مەدەنی نمایش دەکەن کە تەواوی مافە ئابــووری و سیاســیەکان دەگرێتــەوە، لــەم جــۆرە کۆمەڵگایانــە حکومەت فەرمانبەری گەلە، گەل بەراستەقینەیی حکومڕانــە، بۆیە ئاســاییە حکومەت ئۆباڵی شکستەکانی بخاتە سەر گەل و سەرکەوتنەکانیشی بە سەرکەوتنی گەل بزانێت، بــەڵام تاکەکانی کۆمەڵگە، نە بۆ سەرکەوتنەکانیان سوپاسی حکومەت دەکەن، نە ئۆباڵی نەهامەتیەکانیشــیان دەخەنە ئەستۆی حکومەت، ئەم تەفسیرە فێرمــان دەکات، لە وڵاتێکــدا ئازادی مانــای نابێت، ئەگەر کەرتی گشــتی لە کەرتی تایبەت فراوانتر بێت، فێرمان دەکات، لە وڵاتێکدا هاوڵاتیان باج نەدەن بۆ حکومرانی ناتوانێت لەســەر خراپی حکومرانی لە حکومەت بپرسێتەوە، چۆن وەك ئێســتا ئەگەر حکومــەت مووچە نەدات بــە فەرمانبەرەکــەی ناتوانێت لەسەر دواکەوتنی لە دەوام مووچەی لێ



خولانەوە لە بازنەی سیاسەتی سەردەمی شاخ، بە تایبەتی بۆ کەسێک، کە لە میانەی بڵاوکراوەی هێزە سیاسیەکانەوە بە خەباتی شاخ ئاشنابێت، وەک تەفسیری رۆشنبیرێکی کورد وایە بۆ شۆرشی فەرەنسا

لە وڵاتێكدا تاك مافی خاوەندارییەتی موڵك و فیكریی بۆ مسۆگەر نەكرابێت، ناتوانین بڵێین داهێنان بوونی دەبێت، ناتوانین بڵێین گەشەپێدان بوونی دەبێت، لە وڵاتێكدا جیاوازی لە نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگە نەبێت، ناتوانین بڵێین لەو وڵاتەدا دیموكراتی بوونی هەیە.

هەموو ئەمانەی ئاماژەمان پێكردوون، هەریەكەیان لە گوڵان راپۆرتی تایبەتی لەسەركراوە و لە هەر راپۆرتێكیشدا چەندین پسپۆری بیانی و ناوخۆ بەشداریان لەگەڵدا كردووین، بۆیە ئەوەی دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی ئێمە كە لە نووسینی (هەڵهاتن لە بۆشایی) بە ئاشكرا هەستی پێدەكەین، ئەوەیە مانای ئازادی موجەرد كراوە بۆ مانایەك كە بێجگە لە برەودان بەو مانایەی لە كۆمەڵگەی ئێمە مانای ئازادی تێدا كورتدەكرێتەوە شتێكی دیكەی بۆ زیاد نەكردووە،، لێرەوە كە دەمانەوێت ئەو رووە سەتحیە بشكێنین و بە قووڵاییدا رۆبچین بۆ ئەوەی گەوهەری ماناكانی ئازادی ببینین، هەندێك لە تێكستی رۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە رووبەڕووی نائومێدیت دەكەنەوە، نائومێدیەك هەست بەوە بكەیت، نایانەوێت مانا جوانەكانی ئازادی ببینرێت، نایانەوێت ئاستی هۆشیاری میللەتی ئێمە بەو ئاستە بەرزبێتەوە، ماناكانی ئازادی، لە ماناكانی سەروەری یاسادا ببینین، نایانەوێت موناقەشەكە بەو جۆرە بەردەوام بێت كە یاسا واتە ئازادی، ئازادی واتە یاسا (بەڵام یاسایەك كۆی ئیرادەی تاكەكان بێت) . ئەمەیە تووشی نائومێدیت دەكات، كاتێك تێكستی شرۆڤەی رۆشنبیرێكی وەك بەختیار عەلی دەخوێنینەوە كە زیاتر لە چەند هەزار وشەیە، بە وشەیەك پەیوەندی ئازادی و سەروەری یاسای باسنەكردووە. ئەمە پێمان دەڵێت، گۆڕان لە شرۆڤەكەی بەختیاردا، پەنای بۆ هەموو هۆكارێك بردووە، بەڵام باسی كاریگەری دامەزراوە و رۆڵی دامەزراوە و سەروەری یاسای نەكردووە.

## ئایدۆلۆژیەتێک بە خەیاڵی سەردەمی شاخ سیاسەت بكات متمانەی گۆڕانی پێ نادرێت

متمانە پێدانی بەختیار بەو ئایدۆلۆژیەتەی ناوی ناوە (هێزی گۆڕان) و ئامانجی ئەوەیە گۆڕانكاری لە كۆمەڵگە دروست بكات، راستە پەیوەستی كردووە بە كۆمەڵێك مەرجەوە، بەڵام بەداخەوە مەرجەكانی ئەویش خەیاڵی سەردەمی سیاسەتی شاخی تێنەپەڕاندووە، خولانەوە لە بازنەی سیاسەتی سەردەمی شاخ، بە تایبەتی بۆ كەسێك، كە لە میانەی بڵاوكراوەی هێزە سیاسیەكانەوە بە خەباتی شاخ ئاشنابێت، وەك تەفسیری رۆشنبیرێكی كورد وایە بۆ شۆرشی فەرەنسا، چونكە ئەوەی دەبێتە سەرچاوە بۆ ئەوەی شۆرشی فەرەنسای پێ ببینین، تەنها چەند تێكستێكەو بەس. بۆیە ئەگەر لە ناو بڵاوكراوەی سەرجەم لایەنە سیاسیەكانی كوردستاندا بگەڕێین، بڕوا ناكرێت تەنها یەك بابەت هەبێت باسی دەوڵەتی قانوون و رێكخستنی ئازادی لە چوارچێوەی سەروەری یاسا بكات، بۆیە ئەوەی بیری لێكراوەتەوە لەو سەردەمە تەنها روخانی رژێمەكان و هەڵوەشانەوەی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنومی بووە، كەواتە داوای گۆڕانكاریش داوایەكی (كلی)بووە، لانی كەم لە تێكڕای ئەو ناوچانەی لە خولەكانی دانوستاندنی كورد و رژێمەكانی عێراقدا بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەسنیشاندەكران، ئێستا ئەو ئایدۆلۆژیەتەی بانگەشەی گۆڕان دەكات، بە هەمان خەیاڵی (زەڵی و ناوەزنگ و دۆڵی جافەیەتی) سیاسەت دەكات، دەیەوێت پیشانی بدات، ١٨ ساڵە دەسەڵاتی سیاسیی كوردستان بێ ئیشە و دەبێت لە سفرەوە دەست پێبكرێتەوە،

ئەو ئایدۆلۆژیەتەی بانگەشەی گۆڕان دەكات، بە هەمان خەیاڵی (زەڵی و ناوەزنگ و دۆڵی جافەیەتی) سیاسەت دەكات، دەیەوێت پیشانی بدات، ١٨ ساڵە دەسەڵاتی سیاسیی كوردستان بێ ئیشە و دەبێت لە سفرەوە دەست پێبكرێتەوە، بەداخەوە رۆشنبیرێكی وەک بەختیاریش ئەشهەدوبیللای ئەوەی بۆ دەدا

شێوازو فیكری بەلشەفیانەلە ناو هەناوی گۆڕاندا بە شێوەیەک زیندووە وەک ماری حەوت سەرە کەپکەی خواردووە بەڵام خۆی مات کردووە



بەداخەوە رۆشنبیرێکی وەك بەختیاریش ئەشهەدوبیللای ئەوەی بۆ دەدا .

## ئەو ئایدۆلۆژیایەی لە پشت پیاهەڵدانە

بەختیار عەلی باس لەو چەمكە چەقبەستووانە دەكات كە مۆدیلیان بەسەر چووە، بەڵام خەیاڵئامێزی و عاتیفەی بۆ لیستی گۆڕان بە جۆرێك سەرنجی خوێنەر دەدا وەك ئەوەی تەنها گۆڕانە لەم هەموو كوێرەوەری و نەهامەتییەی بەسەر نەتەوەیەكدا هاتووە رزگار بكات و سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپامان بۆ دێنێتە بەر یان مۆدێرنەی سیاسییە لە كوردستاندا، خۆی لەوە شاردۆتەوە كە شێوازو فیكری بەلشەفیانەلە ناو هەناوی گۆڕاندا بە شێوەیەك زیندووە وەك ماری حەوت سەرە كەپكەی خواردووە بەڵام خۆی مات كردووە، بۆیە بەر لە هەرچییەك دەبێ ئەو ئەقڵییەتە كۆنكریتییە ستالینییە گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەوانەی بە ماوتیسیتۆنگ سەرسامن باش دەزانن تا ئێستاش لەوێدا (چین) مرۆڤ هەڵدەواسرێ، ئێستا ئەوانەی بەختیار پێیاندا هەڵدەڵێت رێك دەیانەوێ تێكەڵەیەك لە بەلشەفیزم و ماویزم بكەنە فەلسەفەی گۆڕان . جیاوازییەكە تەنها لەوەدایە بەپێچەوانەی بەختیار عەلی ئەو چەمكی گۆڕانە تەحەداو تاقیكردنەوەیەكی نە فیكرییە نە تیۆری، فەرموو كاك بەختیار ئەم تەحەدا فیكری و تیۆرییەمان بۆ باس بكە، ئینجا ئەو ئیرادە بەهێزە كوانێ كە بە هەموو لایەكدا كار بكات؟.

بەختیار عەلی ئەگەر ئەزموونی پراكتیكی لەگەڵ حزبە سیاسییەكانی كوردستانیشدا نەبووبێ كەم و زۆر، لێرەو لەوێ تا رادەیەك شارەزایی لەسەریان دروستكردووە، هەرچەندە ئەگەر لە پراكتیكدا ئەزموونێكی هەبووایە بێگومان بەم شێوەیە ئەم هەموو گەشە ئابووری —سیاسی — كۆمەڵایەتی-هونەری . . هتد نەدەخستە ژێر سفرەوەو، بە هەمان شێوەش سۆزو عاتیفە وای لێنەدەكرد بانگەشە بۆ لیستێك بكات كە هەندێ جار دێتەوە سەر خۆو گومانی لادروستدەبێت و دەنووسێ (ئەم هێزە-مەبەستی گۆڕانە- دەبێت خۆی لەوە بەدوور بگرێت ببێتە هێزێكی پۆپۆلیستی). بەختیار پەلەی كرد مۆدێرنە لەفەرهەنگی گۆڕان كوا هەیە، ئاخر هێشتا كورد نە (مارتن لۆپەر)ێكی هەیە و نەشاعیرێكی وەكوو بۆدلێریش . لێرەوە لەگەڵ فرانك كیرمۆد دەڵێین دەبێت مانای وشەی مۆدێرن دیاربكرێت، فرانك كیرمۆد مەبەستی ئەوەبوو مۆدێرنە لەناوەرۆكدا مانای بوونی ئەو پێوەندی و رایەڵەیە كە لەنێوان ئێستاو رابردوودا هەیە.

ئەو رابردووەی كە كاك بەختیار هێڵێكی راست و چەپی بەسەردا كێشاوەو دەڵێت كاتی گۆڕانێكی بنەڕەتی و ریشەیی هاتووە . ئێمەش پێویستیمان بە (فۆكنەر) یێك هەیە مێژووی ناسنامەی كولتووریمان بخاتە بەر باس، پێویستیمان بە (فێرجینیا وۆڵف)ێك هەیە كەسایەتی مرۆڤی كورد لە كات و ساتێكی دیاریكراودا دیار بخات . سەیرە بەختیار لە لایەك مۆدێرنەی كوردیمان پێ ئاشنا دەكات، لەولایشەوە هەموو نووسینەكەی بۆ ئەوەیە كە حكومەتی كوردی لەماوەی ئەو ١٨ ساڵەی رابردوویدا هیچی نەكردووە، ئەمە رێك ئەو وتارەی (فەیسەڵ دەراج)ی بیر هێنایەوە كە لەساڵی ١٩٩٨ لە گۆڤاری كرمل ی فەڵەستینی نووسیبووی پۆست مۆدێرنە لە جیهانی بێ مۆدێرنە، لەروانگەی بەختیارەوە ئێمەش گەیشتینە مۆدێرنە بەبێ رۆشنگەریی.

لە كۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێین، ئەم نووسینە چەند جوانترو سەركەوتووتر دەبوو، ئەگەر پرۆژەیەك بوایە بۆ حكومەت و دەستنیشانی دەرد و پەتایەكانی بكردایەو چارەسەری گونجاویشی بۆ بدۆزیبایەوە، ئاخر ئەمەیە ئەركی رۆشنبیر، نەك بێیت هەموو ئەو دەستكەوتانە قڵپ بكەیتەوە. كاك بەختیارگەلی كورد لە هەموو گەلێكی تر زیاتر پێویستی بە كاراكردنی رۆشنبیری ئۆرگانی هەیە، بەڵام كوا گرامشییەك تا سەرلەنوێ پێناسەی رۆشنبیرانی كوردمان بۆ بكاتەوە.

**ئەو رابردووەی كە كاك بەختیار هێڵێكی راست و چەپی بەسەردا كێشاوەو دەڵێت كاتی گۆڕانێكی بنەڕەتی و ریشەیی هاتووە . ئێمەش پێویستیمان بە (فۆكنەر)ێك هەیە مێژووی ناسنامەی كولتووریمان بخاتە بەر باس، پێویستیمان بە (فێرجینیا وۆڵف)ێك هەیە كەسایەتی مرۆڤی كورد لە كات و ساتێكی دیاریكراودا دیار بخات**



پرۆفیسۆر دانیاڵ کریسچنەر بۆ گوڵان:



# زەحمەتە بتوانین گۆڕانەکانی کۆمەڵ بەمەزندەی بیرکاریانە بەراوردبکەین

**پرۆفیسۆر دانیاڵ کریسچنەر ئوستادی فەلسەفەیە لەزانکۆی ئیندیانا، کەسێکی تایبەتمەندە لەسەر تیۆلۆژی و ئەخلاق و فەلسەفەی ئەڵمانی لەسەدەی نۆزدەهەم، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکە فیکرییەکانی شرۆڤەکردن لەهەردوو مەزهەبی سروشتی و کۆمەڵایەتی لەمێژووی فەلسەفە و گرێدانەوەی گۆڕانەکانی کۆمەڵ بەمەزندەی زانستە سروشتییەکانەوە، پرۆفیسۆر کریسچنەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> لەو باوەڕەدام بێ بوونی ڕەزامەندیەکی گشتی لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی باشترین جۆری حکومڕانێتەیە ناکرێت ئەم پرۆسەیە سەرکەوتووبێت

***لەفەلسەفەدا جیاوازی لەنێوان مەزهەبی سروشتی و مەزهەبی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بۆ نموونە پێشبینیەکانی زانایانی سروشتی ڕاست دەردەچن، کاتێك پێشبینی خۆرگیران، یان مانگ گیران دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا بەدەگمەن پێشبینیە کۆمەڵایەتیەکان ڕاست دەردەچن، ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- لەڕاستیدا زەحمەتە بتوانین پەیوەندیە ئینسانیەکان یان مەزندە کۆمەڵایەتیەکان، بە حساباتە بیرکاریەکان بەراوردبکەین، چونکە لەهەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤەکان کارلێك لەگەڵ یەك دەکەن و ئەمەش بەها و پەیوەندیگەلێك دەخولقێنیت کە بەدوادواچوونیان زەحمەتە. دەتوانین ڕووداوە مێژووییەکان بەکاربهێنین بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی ڕەفتارکردنی ئینسانەکان و بۆ چۆنیەتی باشترکردنی پەیوەندیە مرۆییەکان، بەڵام ناتوانن نەخشەیەکمان بدەنێ دەربارەی ئەوەی دەقا و دەق چی ڕوودەدات، یاخود دەبێت چۆن ڕەفتاربکەین.

*** ڕاستە شیکردنەوە مێژوییەکان بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێن، بەڵام زانایانی مەزهەبی سروشتی گەشەکردنی کۆمەڵگە گرێدەدەنەوە بە قۆناخە مێژوییەکەوە، ئەم شیکردنەوەیەش چەند پێشبینیەکی دیاریکراو بەرهەمدەهێنێت، کە تێیدا ئەگەرە ئەقڵانییەکان سنووردارد‌ەبن، ئایا لەم حاڵەتەدا ئایندەی گۆڕان چی دەبێت؟**

- من نازانم ئایندەی گۆڕان چی دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت هەر کۆمەڵگەیەك ئەو ئامرازانە بەکاربهێنێت کە لەبەردەستیدا بۆ باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگەکە خۆی، ڕەنگە زۆرجار هاوڕایی و ڕێککەوتنێك هەبێت لەنێو مرۆڤەکاندا دەربارەی ئەو ئامانجانەی پێویستە بهێنرێنەدی، بەڵام کێشەکە ئەوکاتە دروستدەبێت کە هەر لایەك بەپێی شێواز و بەبەکارهێنانی ئامرازی جیاواز هەوڵی هێنانەدی ئەو گۆڕان و ئامانجانە بدات.

*** مەزهەبی لیبراڵیەت باوەڕی بە گۆڕینی کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای دابەشکردن (جزئی)، بۆنموونە باوەڕی بەهەموارکردنی دەستوور و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان، مەبەستی ئێمە ئەوەیە بۆچی ئەم مەزهەبە بەشێوەیەکی جوزئی کێشەکان چارەسەردەکات، بۆچی تێکڕایی ئەم کێشانە پێکەوە چارەسەرناکات؟**

- بەبۆچوونی من هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چارەسەرکردنی تێکڕایی کێشەکان و لەیەککاتدا پرۆسەیەکی زەحمەتە و ڕەنگە دابەشکردنیان و کارکردن لەسەر کێشە و پرسێك بەجیا چارەسەرکردنی ئاسانتربێت

*** زۆرجار ئەو ڕەوتە سیاسیانەی بیروباوەڕی مارکسیان هەیە، هەوڵی گۆڕینی تێکڕایی کۆمەڵگەکە دەدەن لەیەك کاتدا، واتە پشتگیری لەفراوانکردنی دەسەڵات دەوڵەت دەکەن بۆ ئەم مەبەستە، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك گۆڕانکاری لەسەر ئەزری واقیعدا دروست دەکات؟**

- من پێموانییە شۆڕشی ڕادیکاڵی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و کارابێت، گۆڕان پێویستە بەڕەوتێکی لەسەرخۆ و بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵگەکە و ئەو ئامرازانەبێت کەلەبەردەستدان، واتە ڕەنگە پێویست بە ڕووخاندنی دەسەڵات و حکومەت نەکات، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی خوارەوە کاربکرێت، بۆ ئەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی مەحەلی دروست بکرێت، تاوەکو دواتر کاریگەریەکە لەسەر ئاستی نیشتمانی ڕەنگ بداتەوە.

*** زۆرجار لەدیموکراسیەتە نوێیەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی دوای ڕووخانی کۆمونیستی و وڵاتانی جیهانی سێدا**

**که زۆربەی پارتە سیاسییەکان لەسەر شێوازی ستالینی دامەزراون، گۆڕان و چاکسازی دەبنە ڕەمزی گۆڕینی سیستەمەکە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم گۆڕانانە لەسەر دەستی ئەم پارتانە کۆمەڵگە دەگەڕێننەوە بۆ دواوە؟**

- ڕەنگە من هاوڕابم لەگەڵ ئێوەدا، لەبەرئەوەی زۆرجار بزووتنەوە مارکسییەکانیش چاکسازیان هێناوەتە ئاراوە، هەروەکو چۆن بزووتنەوەکانی دیکەش ئەك کاریان کردووە، زۆرجار ئەم بزووتنەوانە کار لەسەر نارەزاییەکی فراوان دەکەن، بۆ نموونە لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە کە کرێکاران لەدۆخێکی خراپدابوون و مافەکانیان کەم بوون، مارکسییەت بوو بەکاردانەوەیەك، بەڵام من ناڵێم ئەمە تاکە ڕێگایە و ئەمە ڕێگایەکی کاریگەرە. واتە دەکرێت بزووتنەوەیەکی چاکسازی هەبێت، بەڵام مەرج نییە ئایدیا و ڕوانگەکانی مارکسییەت هەبێت.

*** بەڕێوبردنی کۆمەڵگە بەشێکە لەپلانی ئەندازەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە بەڕێوبردنی بواری کارگێڕی، بەڕێوبردنی دەوڵەت، دروستکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئایا ئەم پلانانە چۆن دەبنەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگە، ڕات چییە لەسەر ئەندازەی کۆمەڵایەتی؟**

- من پێموانیە دەستکاریکردنی ئەندازەی کۆمەڵایەتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە کاریگەربێت، دەکرێت هەندێ دامەزراو و یاسا لەسەر ئاستی نیشتیمانی هەندێ گۆڕانکاری دروستبکەن، بەڵام گۆڕانکاری ڕاستەقینە دەبێت لە سەر ئاستی مەحەلی ڕووبدات. واتە ڕێکخراو، قوتابخانە، یەکێتییەکانی کار لەسەر ئاستی مەحەلی کە بڕیارەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەریان کاریبکەن بۆ باشترکردنی دۆخی خۆیان، لێرەوە گۆڕانکاری ڕاستەقینە ڕوودەدات، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە دواتر لەسەر ئاستی نیشتمانی چاکسازی لێبکەوێتەوە.

*** لە دیموکراسییەتی ڕۆژئاوادا گۆڕان و چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامن، بەڵام چەند مەسەلەیەك بەنەگۆڕی دەمێننەوە، وەك بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان و دامەزراوە قەزائییەکان، واتە ئاست و مەودای گۆڕانەکە چەند بێت، بەڵام سیستەمە دیموکراسییەکە ناگۆڕێت، بەڵام لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا گۆڕانەکان هیچ شتێك بەنەگۆڕی ناهێڵنەوە، لە نێویاندا سیستەمە دیموکراسیەکە و دامەزراوەکانی حکومەت، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازیانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەمە خاڵێکی گرنگە و من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا مێژوویەکی دووروودرێژی چەسپاندنی دیموکراسی لەئارادایە، بەو پێیە سیستەمێکی سەقامگیریش بوونی هەیە، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە کە دیموکراسی باشترین شێوەی حوکمکردنە. من لەو باوەڕەدام بێ بوونی ڕەزامەندیەکی گشتی لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی باشترین جۆری حوکمڕانێتییە ناکرێت ئەم پرۆسەیە سەرکەوتووبێت. ئەمە کار و کۆششی زۆری دەوێت و من پێم وانیە بتوانین لەسەر ئەم شتانە بسەپێنین دەبێت لەسەر ئاستی خوارەوە کاری بکەین، واتە لەسەر ئاستی مەحەلی، لەبەر ئەوەی لە وڵاتدا زۆر حکومڕانێتییەکە لە شێوەدا دیموکراسیە، بەڵام لە واقیعدا بە پێچەوانەوەیە.

*** ئایا دەبێت سروشت و پێکهاتەی ئەو ڕەوتە چۆن بێت کە بانگەشە بۆ گۆڕان و چاکسازی دەکات، ئایا دەکرێت متمانە بەسەرکردەیەکی پۆپۆلیستی بکرێت، ئایا ئەم سەرکردەیە نایێتە هەڕەشە بۆ سەر سیستەمە دیموکراسیەکە؟**

- ئەوە پرسیارێکی زەحمەتە، ئەوەندەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە هەوڵی هاوسەنگکردنی دەسەڵاتەکان بدەین، مەبەستم لە سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریە، کە دەبێت هاوسەنگی هەبێت لە نێوانیاندا، ببنە چاودێر بەسەر یەکەوە، واتە لێپرسینەوە و لێپێچینەوەهەبێت، چونکە بێ بوونی ئەم هاوسەنگیە ڕەنگە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەوەندە بەهێز بێت بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و ڕەنگە لەکاتی داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەکاندا ڕەزامەندی لایەنەکانی دیکە وەرنەگرێت.

*** ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیران چییە لەپرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا، بۆ نموونە ئایا ڕۆڵیان چییە لەڕێگەگرتن لەوەی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان و پارتە ئیسلامیەکان گەمە بەپرۆسەکە نەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ڕێگە نەدەن کۆمەڵگەکە بەرەو دواوە بگەڕێننەوە؟**

- ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینن، لەبەرئەوەی تاوەکو ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بەرزتر بێت، بەتایبەتی لەنێو نەوەی گەنجاندا، ئەوا ناتوانرێت گەشەکردنی کۆمەڵگەکە بەرەو دواوە بگەڕێنرێتەوە، ئەگەر کۆمەڵگەیەك خۆی تەرخانکردن بۆ پەروەردەکردنی ئەندامەکانی، ئەوا بناخەیەکی باش بۆ ئابووری دادەنێت، بەو پێیە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی بەها دیموکراسیەکان. من پێم وایە ئەگەر خەڵکی لە ڕووی ئابووریەوە سەربەخۆی بەدەست هێنا، ئەوا پتر وڵاتەکیان بەرەو کرانەوە دەبەن و دەست بە بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان و چاکسازی دەکەن.

*** دوا وتەت چییە، بەتایبەتی کە لەهەرێمی کوردستاندا بەرەو هەڵبژاردن دەچین؟**

- من زانیاریەکی زۆرم نییە لەسەر دۆخی کوردستان، بەڵام تەنها ئەوە دەڵێم کە لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتیەکەتاندا بۆ خوڵقاندنی ئازادی، دەبێت بواری ڕادەربڕین بەو کەسانەش بدەن کە ڕای جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئێوەدا. لەدیموکراسیدا، بیروباوەڕی جیاواز هەیە، هەر بوار ڕەخساندن بۆ ئەم جیاوازیەش دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکە.

**ئەگەر کۆمەڵگەیەك خۆی تەرخانکردن بۆ پەروەردەکردنی ئەندامەکانی، ئەوا بناخەیەکی باش بۆ ئابووری دادەنێت، بەو پێیە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی بەها دیموکراسیەکان**

## گلین نیوی بۆ گوڵان:



# گۆڕان بەهەموو هێزێک ناکرێت، زۆر لەوانەی بانگەشەی گۆڕان دەکەن تەنها بەڵین دەدەن بەڵام پاشان هیچیان پێناکرێت

**پرۆفیسۆر گلین نیوی ئوستادی زانستی فەلسەفەی سیاسەتە لەزانکۆی ئۆکسفۆرد و پسپۆرو تایبەتمەندە لەبواری دیراساتی بەراوردکاری فەلسەفەی سیاسەت و هەروەها کەسێکی شارەزایە لەبواری عدالەت و بەها کۆمەڵایەتیەکان و چەکە سیاسیەکان، بۆ بەدوادچوونی میتۆدە جیاوازەکانی شرۆڤەی کۆمەڵایەتی، پابەندبوونی شرۆڤەگەر بەمیتۆدێکی فەلەسەفی تایبەتیەوە و هەوەها کاریگەری ئەمجۆرە شرۆڤانە لەسەر مەزندە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆفیسۆر نیوی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** ئەو رۆشنبیرانەی مەزهەبی سروشتی و کۆمەڵایەتی بۆ شرۆڤە کۆمەڵایەتیەکان تێکەڵ، مەزندەو ئەگەرەکانیان بەرەهایی پیشانی خەڵك دەدەن، ئایا لەمەزهەبی کۆمەڵایەتیدا، مەزندەی رەها هەیە؟**

- هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانایانی کۆمەڵایەتی مامەڵە لەگەڵ بوونەوەرێکی ژیر و زیرەکدا دەکەن کە زۆر جار بەپێچەوانەی پێشبینی و چاوەڕوانیەکانەوە رەفتار دەکەن، دواتر سیستمی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزە و چەندین فاکتەر لەخۆدەگرێت کە هەمویان لەگەڵ یەکدا کارلێك دەکەن و ئەمەش ئەوەندەی دیکەی کاری پێشبینیکردن زەحمەت دەکات.

*** ئایا پێتوانییە، ئەوانەی بەوجۆرە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکان مامەڵە دەکەن، رۆڵی ئەقڵ و سیاسیەتی ئەقڵانی سنووردار دەکەن؟**

- ئەو دەرسەی لەشکستهێنانی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمەوە فێری دەبین ئەوەیە ناکرێت بەسەرکەوتوویی رۆڵی هزر و ئەقڵ فەرامۆش بکەیت، دواتر فەلسەفە و رێبازی دیکە سەریانهەڵدا لەم بوارەدا، وەك رەفتارگەرایی »بیهەڤیزم«، دوای ئەمەش زۆربەی هەوڵەکان پێشبینی کردنیان لەخۆدەگرت دەربارەی رەوت و چۆنیەتی گۆڕان، تاوەکو فرانسس فۆکۆیاما هات و باسی لەکۆتایی مێژووکرد لەدوای کۆتای هاتنی شەڕی ساردەوە کە هەندێ رووداو پێدەچوون لە بەرژەوەندی ئەم تیورەبوون، بەڵام دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر ئەم تیورە بێ بناخە دەرچوو.

*** گۆڕان لەکۆمەڵگەی لیبرال دیموکرتەکاندا جزئی یە، واتە بەتەدریجی هەنگاو بۆ گۆڕان هەڵدەگرن، ئایا ئەمە بۆ بێ توانایی سیستمەکە دەگەڕێتەوە؟**

- زۆرێك لە فەیلەسوفانی لیبراڵیەت باوەڕیان وایە ناکرێت زۆرێك لەپرسە گەورەکان لەڕووی فەلسەفیەوە یەکلابکرێنەوە، بۆ نموونە سروشتی بەرفراوانی مرۆڤ و پرسی ئەخلاق و هتد، دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا باس لە تاوتوێکردنیان بکەین بۆ مەسەلەی ئازادی و بیروباوەڕی ئاینی و سەرکوتکردن، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە مرۆڤەکان لەکاتی هەبوونی ئازادیدا جۆرێك لەبیروباوەڕیان دەبێت کە جیاوازە لەوەی لەکاتی سەرکوتکاریدا دەیانبێت، هەروەها ئەوە باوەڕیان هەیە کە ناکرێت مرۆڤەکان ناچاربکەیت و بیروباوەڕێکی دیاری کراویان بەسەردا بسەپێنێت، بەڵام دەکرێت لەهەندێ بوار و زەمینەدا هاوڕابن و بگەنە رێککەوتن، کە ئەمەش بوارێکی فراوانی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە، واتە دەستێوەردان لەو بوارانەدا ناکرێت. بۆیە زۆرجار باس لەسنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکەن لەئاراستەکردنی ژیانی کۆمەڵگەدا.

*** زۆرجار ئەو رەوتە سیاسیانەی بیروباوەڕی مارکسیان هەیە، هەوڵی گۆڕینی تێکڕایی کۆمەڵگەکە دەدەن لەیەك کاتدا، واتە پشتگیری لە فراوانکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکەن بۆ ئەم مەبەستە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك گۆڕانکاری لە سەر ئەزری واقیعدا دروست دەکات؟**

- من پێموایە جیاوازی لەنێوان فەیلەسوفە مارکسیەکاندا هەیە دەربارەی ئاست و مەودای دەسەڵاتی دەوڵەت، هەرچەندە لەمارکسیەتدا باس لەوەدەکرێت کە دوای هەرەسهێنانی سەرمایەداری دەوڵەت بەرەو کۆتایی

کێشەکە ئەوەیە ئایا کێ پێناسەی گۆڕان و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن دەکات و دەبێت چ قوربانیەک بدرێت بەناوی هێنانەدی ئەم پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونانەوە

و لەناوچوون دەچێت، بەڵام ئەوەی لەماوەی سەدەی ڕابردوودا بەدیمان کرد بوونی دەوڵەتێکی بەهێز بووە کە دەستێوەردانی لەتێکڕایی بوارەکانی ژیاندا دەکرد و لەئێستاشدا دەتوانین ئاماژە بە کۆریای باکوور بکەین کە دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی بەهێز لەئارادایە و کۆنتڕۆڵی بوارەکانی ژیانی کردووە، ئەگەرچی ڕەنگە مارکسیەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەم دۆخەدا هاوڕانەبن کە لەو وڵاتەدا لە ئارادایە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم گۆڕانانە لەسەر دەستی ئەم پارتانە کە هەڵگری ئایدۆلۆژیەتێکی ڕادیکاڵین کۆمەڵگە دەگەڕێننەوە بۆ دواوە؟**

- ئەگەر ئاماژە بەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەکەن ئەوا ڕژێمی کۆمۆنیستیەکان لەم وڵاتەدا هەرەسیان هێناوە و ڕووخاون و ئێستا زۆربەی ئەم وڵاتانە بەشێکن لەیەکێتی ئەوروپا، ئەگەرچی زۆرجار لەهەڵبژاردنەکاندا ئەو پارت و لایەنانە سەرکەوتوودەبن کە پێشتریش کۆمۆنیستی بوونە، بەڵام ڕەنگە ئەمە نیشانەی تەندروستبوونی ئەو ڕژێمانە بێت کە ڕێگە دەدەن بەململانێی و بەبیروبۆچونی جیاواز.

*** بەڕێوبردنی کۆمەڵگە بەشێکە لەپلانی ئەندازەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە بەڕێوبردنی بواری کارگێڕی، بەڕێوبردنی دەوڵەت، دروستکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئایا ئەم پلانانە چۆن دەبنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگە، ڕات چیە لەسەر ئەندازەی کۆمەڵایەتی؟**

- هەمیشە مشتومڕ لەسەر ئەوە کراوە کە دەبێت سنووری دەسەڵاتی حکومەت و دەوڵەت چی بێت لەهێنانەدی ئامانجە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا، بەتایبەتی لەئێستادا کە جیهان بەسستبوون و قەیرانی ئابووریدا دەڕوات، بۆ نموونە لەڕوانگەی سۆشیالیستیەوە لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵات و دەوڵەتدا دەتوانرێت کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بکرێت



کە تێکڕایی ئامانجەکان دەهێننەدی، بەڵام ئەمە زیاتر بەڵێن بوو لەوەی بەرنامەیەکی ڕاستەقینەبێت. کێشەکە ئەوەیە ئایا کێ پێناسەی گۆڕان و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن دەکات و دەبێت چ قوربانیەك بدرێت بەناوی هێنانەدی ئەم پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونانەوە.

*** لەدیموکراسیەتی ڕۆژئاوادا گۆڕان و چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامن، بەڵام چەند مەسەلەیەك بە نەگۆڕی دەمێننەوە، وەك بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان و دامەزراوە قەزائییەکان، واتە ئاست و مەودای گۆڕانەکە چەند بێت، بەڵام سیستەمە دیموکراسیەکە ناگۆڕێت. لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا گۆڕانەکان هیچ شتێك بەنەگۆڕی ناهێڵنەوە، لەنێویاندا سیستەمە دیموکراسیەکە و دامەزراوەکانی حکومەت، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازیانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ڕاستە دیموکراسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەقامگیرن، بەڵام زۆرجار موبالەغە لەبوونی ئەم سەقامگیریەدا کراوە، بۆ نموونە هەندێ جار ئەم دیموکراسیەتانە پێچەوانە بوونەتەوە و گۆڕاون بۆ فاشیەت و نازیەت، هەروەك لە هەردوو وڵاتی ئیتالیا و ئەڵمانیادا بەدیمان کرد، بەو پێیە من پێموایە تەنانەت لەئەوروپا و ئەمەریکاشدا کەموکوڕی لەدیموکراسیدا هەیە. لەلایەکی دیکەوە دامەزراندن و چەسپاندنی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا لەو وڵاتانەدا کە کولتوورێکی دووروودرێژی دیموکراسیان نییە کارێکی قورسە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لەسەردەمی کۆلۆنیاڵیدا داگیرکران، بۆ نموونە لەئەفریقیادا، کە زۆرجار دروستکردنی قەوارە سیاسییەکان ڕەچاوی دۆخی وڵاتەکەی نەدەکرد و دواتر چەندین ناکۆکی و پێکدادانی ناوخۆییان لێدەکەوتەوە.

*** ئایا چۆن دەتوانین کولتووری دیموکراسی لەکۆمەڵگەدا بڵاو بکەینەوە؟**

- من پێموایە پەروەردە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین لەڕێیەوە هەڵبستین بە چاندن و چەسپاندنی بەها و بنەما کولتووریەکان و پابەندوون پێیانەوە، کە ڕەنگە ئەمە پێشمەرجی هێنانەدی دیموکراسی بێت.

*** دوا وتەت چییە بەتایبەتی کە بڕیارە لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردنی ئەنجامبدرێت، ئایا لەم ڕووەوە چ ڕاسپاردەیەکت بۆ ڕاگەیاندن هەیە؟**

- من هیوادارم قەوارەیەکی سیاسی لەکوردستاندا دابمەزرێت، هەرچەند من دەزانم ئەمە لەئایندەی نزیکدا ڕوونادات، بەڵام ئومێد دەکەم لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەئێراقدا ئەم پرۆسەیە خێراتر بکرێت.

**ڕاستە دیموکراسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەقامگیرن، بەڵام زۆرجار موبالەغە لەبوونی ئەم سەقامگیریەدا کراوە، بۆ نموونە هەندێ جار ئەم دیموکراسیەتانە پێچەوانە بوونەتەوە و گۆڕاون بۆ فاشیەت و نازیەت**

**پەروەردە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین لەڕێیەوە هەڵبستین بە چاندن و چەسپاندنی بەها و بنەما کولتووریەکان و پابەندوون پێیانەوە، کە ڕەنگە ئەمە پێشمەرجی هێنانەدی دیموکراسی بێت**

## مۆرگان کۆسر بۆ گوڵان:



# ئەوانەی بانگەشەی گۆڕانی ڕیشەیی دەکەن لەبنەڕەتدا گۆڕانیان پێناکرێت

**پرۆفیسـۆر مۆرگان کۆسـر ئوستادی مێژوو و زانسـتی کۆمەڵایەتییە لەزانکۆی کالیفۆرنیا، پسـپۆڕو تایبەتمەندە لەسـەر ئەخلاق و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەرەرها کتێبێکی لەسـەر نیو پۆسـت مودێرنە نووسـیوە (The New Post modern Southern Political History) بۆ قسەکردن لەسەر مێژوو و زانستە کۆمەڵاتیەکان و بەدواداچوونی ڕەوتی گۆڕان لەمێژوودا پرۆفیسۆر مۆرگان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

> **ئەگەر لەمێژووی یەکێتی سۆڤیەت بڕوانین، ئەوە بەدی دەکەین کە مارکسیەت نەیتوانیوە گۆڕانێکی گەورە لەکۆمەلگەی ڕووسیدا دروستبکات، لەگەڵ ئەوەی پێشتریش ڕوسیا بەگۆڕانی توندوتیژئامێزدا تێپەڕیوە، وەک شەڕی ناوخۆ و شۆڕش و دواتر سەرکوتکاری کۆمۆنیستی**

***کاتێك باسـی گۆڕان دەکرێت، هەموو کەس خواسـتی گۆڕانی هەیـە، بەڵام ئـەو هێزەی توانـای گۆڕانـی هەیە، تایبەتمەندی خـۆی هەیە، ئایا دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە دەستنیشان بکەین؟**

- لـە ڕاسـتیدا زەحمەتـە بتوانین ئەوە دەستنیشـان بکەیـن، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کە کۆمەڵگـەی مرۆیی زۆر ئاڵۆزترە لەجیهانی سروشـتی. ئەمە پێماندەڵێت ناتوانین مەزندەی ئەوە بکەین کە ئاینـدەی گۆڕان چی دەبێت، هەندێ جـار گـۆڕان ڕوودەدات و هەندێ جار ڕوونادات، بۆ نموونە ئەو گۆڕانکاریانەی لـەدوای دەسـتبەکاربوونی ئۆباماوە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ڕوویاندا ڕەنگدانەوەی لەسەر تێکڕایی جیهان هەبوو، کە ئەگەری ئەوە هەیە گۆڕانگاری دیکە لەم چەشنە ڕوویدات.

*** باسی باراك ئۆبامات کرد وەك یەکێك لەو سەرکردانەی کە بانگەشەی گۆڕانی دەکرد، بـەڵام گۆڕانەکانی ئۆباما جزئی بوون، ئایا ئەمە سروشـتی لیبرالیزمە وا پێویسـت دەکات، یان خۆی هەر توانای ئەوەندیـە و گۆڕانـی ڕیشـەیی پێ ناکرێت؟**

- ڕەنگـە هۆکارەکە ئەوەبێـت کە ئەوان زیاتـر واقیعبینـن، درك بـەوە دەکـەن کـە ناتوانرێـت لەیەك کاتـدا تیکڕایی کێشەکان چارەسەربکرێت، ئەمە ئەزموونە مێژووییەکانیـش پاڵپشـتی لێـدەکات، بـۆ نموونـە لەوڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریکادا مەسـەلەی بەدەسـتهێنانی مافی ڕەشپێستەکان بەرەوتێکی لەسەرخۆ ڕوویـدا، کە لـەو ماوەیەدا ئەو یاسـا فیدراڵیانە هەڵوەشانەوە کە پەیوەست بوون بەمەسەلەی جیاکاریی دژی ڕەشپێستەکان و جیاکردنەوەیان لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ سپی پێستەکاندا، هەروەها ئەو یاسایانەی کـە ڕێگربوون لە دەنگدانیـان. بەهەمان شـێوە حاڵی حازر کە ئۆباما سـەرقاڵی ئەوەیە گۆڕانکاری گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبکات و هەوڵی ئەوەدەدات ئیسـرائیل ڕازی بـکات بەڕاگرتنـی دروستکردنی کۆمەڵگە جوولەکەنیشنەکان، ئەگەر بتوانێت ئەمە بەدەسـتبهێنێت ئەوا سـەرەڕای ئەوەی گۆڕانێکی بچووکە، بـەڵام ڕێگەخۆش دەکات بـۆ گۆڕانی درێژخایـەن و دروسـتکردنی دەوڵەتـی فەلەسـتینی، بـەڵام ئەگـەر هەوڵی چارەسـەرکردنی تێکڕایی کێشەکان بدات لەیەك کاتدا ڕەنگە سەرکەوتوو نەبێت.

*** ئەوانـەی پاشـخانێکی ئایدۆلۆژی رادیکاڵیانەیان هەیە بانگەشە بۆ گۆڕانی ڕیشـەیی و تێکەڵکردنـی کۆمەڵگـەو دەوڵەت دەکەن، ئایا گۆڕانی ڕیشـەیی و سەرتاسەری کاریگەر و باشتر نییە؟**

- مـن پێموایـە گۆڕانـی بچـووك و لەسەرخۆ پتر کاریگەری و کاراییان هەیە لەمـەودای دووردا، بـۆ نموونە ئەگەر لەمێژووی یەکێتی سۆڤیەت بڕوانین، ئەوە بەدی دەکەین کە مارکسـیەت نەیتوانیوە گۆڕانێکی گەورە لەکۆمەلگەی ڕووسیدا دروسـتبکات، لەگەڵ ئەوەی پێشـتریش ڕوسـیا بەگۆڕانـی توندوتیژئامێـزدا تێپەڕیوە، وەك شـەڕی ناوخۆ و شۆڕش و دواتر سـەرکوتکاری کۆمۆنیستی، واتە هێشتا کۆمەڵگەی ڕووسی لە زۆر ڕووەوە کۆمەڵگەیەکـی تەقلیدییە بـە بەراورد بە کۆمەڵگـە ڕۆژئاواییەکان، هێشـتا نایەکسـانیەکی زۆر لەکۆمەڵگەدا بوونی هەیە، کە ئەم نایەکسـانیە لەڕابردووشدا بوونی هەبوو.

*** با پرسـیارەکەمان بەو جـۆرە بکەین ئایا ئـەم جۆرە گۆرانە تاچەند کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە بۆ دواوە؟**

- لەڕاسـتیدا زەحمەتە بۆ کەسێکی وەك من کە دوورم لـەو کۆمەڵگەیانەوە بتوانم هەڵسـەنگاندنێکی ورد بکـەم، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەمـە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکـی دیکـە جیـاوازە، ئەگەرچی لەهەندێ وڵاتدا ڕژێمە سیاسیەکە و پارتە سیاسیەکان ڕێگایان بەگۆڕان داوە، بەڵام زۆرجـار گۆڕانی ڕواڵەتـی بوونە، نەك ڕاستەقینە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بۆ هەڵسـەنگاندێکی قووڵی دۆخی ئەم وڵاتانە دەبێت پتر لێیان نزیك بیت، چونکە تێگەیشتن لەکۆمەڵگەی مرۆیی زەحمەتە چ جای ئەوەی هەوڵی پێشـبینکردنیان بدەیت.

*** بەڕێوبردنـی کۆمەڵگـە بەشـێکە**

**لەپلانی ئەندازەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە بەڕێوبردنی بواری کارگێڕی، بەڕێوەبردنی دەوڵەت، دروستکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئایا ئەم پلانانە چۆن دەبنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگە، ڕات چییە لەسەر ئەندازەی کۆمەڵایەتی؟**

- لەڕاستیدا ناتوانین پلانێکی گشتی بخەینەڕوو کە بەسەر تێکڕایی کۆمەڵگەکاندا جێبەجێ ببێت، بەڵکو دەبێت دۆخ و تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەیەك بەجیا لەبەرچاوبگرین، چونکە پلانەکە دەوەستێتەسەر ئەو سەرچاوانەی لەکۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، هەروەها لەسەر ئاستی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابووری، بۆ نموونە حاڵی حازر لەبەر بوونی سستبونی ئابووری جیهان ئەنجامدانی گۆڕانکاریی زەحمەت بووە.

*** لەدیموکراسیەتی ڕۆژئاوادا گۆڕان و چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامن، بەڵام چەند مەسەلەیەك بەنەگۆڕی دەمێننەوە، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا گۆڕانەکان هیچ شتێك بەنەگۆڕی ناهێڵنەوە، لەنێویاندا سیستمە دیموکراسیەکە و دامەزراوەکانی حکومەت، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازیانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی کارێکی یەکجار قورسە، ئەمە لەئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپاشدا بەهەمان شێوە پرۆسەیەکی زەحمەت بوو، لەبەرئەوەی دیموکراسی ئامادەیی نوخبەی دەسەڵاتدار لەخۆدەگرێت بۆئەوەی دەست لەدەست هەڵبگرن.

*** دوا وتەت چییە بەتایبەتی کە بڕیارە لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردنی ئەنجام بدرێت؟**

- سەقامگیری و دوورکەوتنەوە لەتوندوتیژی گرنگن بۆ ئەوەی عێراق لە مەودای دووردا گەشەبکات، کوردستانیش تا ڕادەیەك ئۆتۆنۆمی بەدەستهێنا و هەرێمێکی ئاسایش و ئارامە، بەڵام ناتوانێت خۆی لە عێراق و دەوروبەر داببڕێت، لەبەرئەوە من هیوادارم ئۆتۆنۆمی زیاتر بەدەستبهێنن و ئەمەش ئەرکێکی قورسە، چونکە ئێمەش لە ئەمەریکا ڕووبەڕووی بووینەوە، بەڵام هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و من بەئیعجابەوە لە ئێوە دەڕوانم.

### کریستۆفەر مانفرێدی بۆ گوڵان:

# پرۆسەی دەستکاریکردنی ئەندازەی کۆمەڵایەتی کارێکی پڕ لەمەترسیە، زۆرجار دەبێتە هێرش بۆ سەر ئازادی تاکەکەس

**پرۆفیسۆر کریستۆفەر مانفریدی ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لەزانکۆی ماکگیل و پسپۆرو تایبەتمەندە لەبەراوردکردنی دەستووری و عەدالەتی سیاسی، بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕان لەسیستمە سیاسیەکاندا و چۆنیەتی گۆڕان لەکۆمەڵگادا، پرۆفیسۆر مان فریدی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



*** ڕاستە شیکردنەوە مێژووییەکان بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێن، بەڵام زانایانی مەزهەبی سروشتی گەشەکردنی کۆمەڵگە گرێدەدەنەوە بەقۆناخە مێژووییەکەوە، ئایا لەم حاڵەتەدا ئایندەی گۆڕان چی دەبێت؟**

- مرۆڤ و کۆمەڵگە و دامەزراوە مرۆییەکان بەچەشنێك ئاڵۆزن، کە زۆر زەحمەتە پێشبینی چۆنیەتی ڕەفتاری مرۆڤەکان بکرێت. باشترین شتێك کە بۆمان بکرێت، ئەوا بەوردی لەڕابردوو بڕوانین، لێی بکۆڵینەوە، بۆئەوەی بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئایا ئەو ڕەوت و ئاراستانەی ڕابردوو لەداهاتوودا دووبارە دەبنەوە یان نا. لەبەرئەوەی ئەو چەمکەش لەئارادایە کە ئەوانەی بەشێوەیەکی دیاریکراو لەمێژوودا ڕەفتاریان کردووە، هەر هەمان شێوە دووبارە دەکەنەوە لە ئایندەشدا.

*** بۆچی لەدیموکراتی لیبرالیدا جوزئی کێشەکان چارەسەردەکات، بۆچی تێکڕایی ئەم کێشانە پێکەوە چارەسەر ناکات؟**

- لەڕوانگەی دەستووری لیبراڵیەوە گرنگترین چەمك سەروەری یاسایە، لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاین لەدەسەڵات، لەبەرئەوەی توندوتیژی تائیفی گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر سەروەری یاسا. بەلەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی سروشت و پێکهاتەی مرۆڤ، پێم وایە دەبێت بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ گۆڕانگاری بکەین، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی مەترسی ئەنجامدانی هەڵەی گەورە.

*** بەڕێوبردنی کۆمەڵگە بەشێکە لەپلانی ئەندازەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە بەڕێوبردنی بواری کارگێڕی، بەڕێوبردنی دەوڵەت، دروستکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئایا ئەم پلانانە چۆن دەبنەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگە؟ ئەی ڕات لەسەر چییە ئەندازەی کۆمەڵایەتی؟**

- پێموایە پرۆسەی دەستکاریکردنی ئەندازەی کۆمەڵایەتی کارێکی پڕ لەمەترسیە، لەبەرئەوەی زۆرجار دەبێتە هێرش بۆسەر ئازادی تاکەکەسی، لەبەرئەوەی ئەمە زۆرجار ناچارکردن لەخۆدەگرێت لەلایەن حکومەتەوە، ئەمەش پێشێلکردنی ئازادی تاکەکەسیە. بەو پێیە من بە ڕێگاچارەیەکی باشی نازانم.

*** ئایا سەروەری یاسا تاچەند میکانیزمی گۆڕانکاری بەردەوام فەراهەم دەکات؟**

- من پێموایە هەر کاتێك سەروەری یاسا چەسپێنرا، ئەوا بەرەپێشچوون و گەشەکردن ڕوودەدات، بێ بوونی سەروەری یاسا، نە گەشەکردن و نە ئازادی بوونیان نابێت. دەبێت دەسەڵات لە دامەزراوەکاندا جێگیربکرێت.

*** ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیران چیە لە پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا ؟**

- ڕۆڵی ڕۆشنبیران ئەوەیە خەڵکی هان بدەن بیرکردنەویەکی ڕەخنەگرانەیان هەبێت دەربارەی ئەوەی ڕوودەدات و پرسیاری لەبارەوە بکەن.

*** ئایا دەبێت ڕاگەیاندن چی بکات؟**

- من باوەڕم وایە دەبێت هەمان ڕۆڵ ببینێت و حکومەت بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانی خۆی. گرنگترین شت ئەوەیە کە پابەندبن بەسەروەری یاسا، بەدەستوور و بە دامەزراوە بەرپرسیارەکانەوە.

## جیفری بیل بۆ گوڵان:



# ئەوانەی بەمیتۆدی هیستۆرسیزم شرۆڤەی کۆمەڵ دەکەن چەند پێشبینیەک بەرهەمدەهێنن، بەڵام ئەگەرە ئەقڵانیەکان سنوورداردەبن

**پرۆفیسـۆر جیفری بێڵ ئوستادی مێژوو و زانستی سیاسـەتە لەزانکۆی باشوری رۆژهەڵاتی لیویسۆنا (Southeastern Louisiana University) پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر فەلسـەفەی سەدەی بیسـت لەئەوروپاو مێژووی رۆشـنیرانی وەك دیلوز و نیچە و سیپینۆزا، هەروەها تایبەتمەندە لەفەلسـەفەی زمان و زانسـت و سیاسەتیشدا. سەبارەت بەرەوتی مێژووی گۆرانە کۆمەڵایەتییەکان و بایەخی مێژوو لەسەر رەوتی گۆڕانەکان و جیاوازی لەگەڵ گۆڕانی ئەقڵانیدا، پرۆفیسۆر بیل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی:**

> **جێی سەرسوڕمان نییە کە ناتوانرێت پێشبینی ئایندەی مرۆڤ بکرێت، بەچەشنی ئەوەی پێشبینی کەشوهەوا دەکرێت. بۆ نموونە ڕووداوی خۆرگیران دیاردەیەکی سادەیە کە ڕوودەدات**

*** شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەمیتۆدی هیستیرۆسیزم، واتە بەمیتۆدی زانستی سروشـتی، هەمان ئەو مەزندە رەهایانە دەدەن بەدەسـتەوە، وەك ئەوەی زانایەکی سروشتی پێشبینی مانگ گیران بکات، بەڵام مەزندە بۆ شرۆڤە کۆمەڵایەتییەکە راست دەرناچێت. . ، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەرێتەوە؟**

- کاتێـك پێشـبینیە کۆمەڵایەتییەکان لەسـەر بنەمـای ڕووداوە مێژووییەکان بنیـات دەنرێن، واتە پەنـا بۆ میتۆدی سروشتی دەبەن بەڵام یاسا سروشتیەکان مێژوییان نییە. هەربۆیە ڕاستە شیکردنەوە مێژوییەکان بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێـن، بـەڵام زانایانـی مەزهەبی سروشـتی گەشـەکردنی کۆمەڵگـە گرێدەدەنـەوە بەقۆناخـە مێژوییەکەوە، ئەم شـیکردنەوەیەش چەند پێشبینیەکی دیاریکـراو بەرهەمدەهێنێـت کە تێیدا ئەگـەرە ئەقڵانیەکان سـنووردارده‌بن، ئەمـەش واتە نەتوانرێت پێشـبینیەکی ڕاسـت و دروسـت بکرێت، لەبەرئەوەی سیستمەکە زۆر ئاڵۆزە، هەروەها دامەزراوە مرۆییـەکان بە پێچەوانەی سیسـتمی کەشناسیەوە ئەوەندە ئاڵۆزن کە ناتوانرێت پێشـبینی تێیدا بکرێت، لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ناتوانرێت پێشبینی ئاینـدەی مرۆڤ بکرێت، بەچەشـنی ئەوەی پێشبینی کەشوهەوا دەکرێت. بۆ نموونە ڕووداوی خۆرگیران دیاردەیەکی سادەیە کە ڕوودەدات.

*** بەبۆچوونـی تۆ ئەوجۆرە شـرۆڤانە تاچەنـد جیگـەی متمانـەو تێڕامان وهەڵوەستە لەسەر کردنن؟**

- تەنانـەت لەوڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریکاشـدا مەسـیحی لیبـراڵ و مەسیحی ئوسـوڵیمان هەیە، واتە ئەمە پەیوەسـت نییە بـەوەی بەشـێك بێت لەکولتووری ڕۆژئاوا، یان بەشێك نەبێت لـەو کولتـوورە. زۆرجـار هەوڵدەدرێت بەشـێوەیەکی تایبـەت جەخت لەسـەر تەنهـا چەمکێك بکرێتـەوە، بۆ نموونە پلاتۆ هەوڵیدا کە تێکڕایی بیروباوەڕەکان ڕێکبکەون لەسـەر چەمکی باشە. من پێموایە لەزانسـتدا هەوڵی ئەوە دەدرێت کە تیورێـك دابهێنرێت و دابڕێژرێت کە شیکردنەوە بۆ تێکڕایی دیاردەکان بکات، بەڵام ڕەنگە ئەمە کارێکی کردەنی نەبێت لەبوارەکانـی دیکەدا، بـەلای کەمەوە لە فەلسەفەدا.

*** زۆرجـار ئـەو ڕەوتە سیاسـیانەی بیروبـاوەڕی مارکسـیان هەیە، هەوڵی گۆڕینـی تێکڕایـی کۆمەڵگەکـە دەدەن لەیـەك کاتدا، واتە پشـتگیری لەفراوانکردنـی دەسـەڵاتی دەوڵـەت دەکەن بۆ ئەم مەبەسـتە، ئایا ئەمە تاچ ڕاددەیەك گۆڕانکاری لەسـەر ئەزری واقیعدا دروستدەکات؟**

- لەڕاسـتیدا ئـەم ئایدۆلۆژیانـەی هەوڵیانـدا وەڵامیان بـۆ تێکڕایی پرس و مەسـەلەکان هەبێت زۆر سەرکەوتوو نەبوونە، نە ئایدۆلۆژیەتی مارکسـی و نـە موحافیزکارە نوێیـەکان لەم بوارەدا سەرکەتووبوونە، بەو پێیە دەبێت شێوازی پراگماتی بگرینەبەر بۆ کێشـەکان، بۆ نموونە، مەرج نییە شێوازێکی دیاریکراو بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەك هەمان سەرکەوتن لەگەڵ کێشـەکانی دیکەدا بەدەست بهێنێت.

*** ئایا تا چ ڕاددەیـەك ئەم گۆڕانانە لەسـەر دەسـتی ئەم پارتانە کۆمەڵگە دەگەڕێننەوە بۆ دواوە؟**

- لەوڵاتە یەکگرتوەکانـی ئەمەریکادا هەندێ جار ئۆباما بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە ئیشـتراکیە و تەنانـەت هەندێجار، بەفاشیستیشـی دادەنێن، مـن پێموایە ئەمـە هەڵەیە و پەیوەسـتە بەو ڕوانگە ئایدۆلۆژیەوە کە لێـوەی دەڕوانین، بۆ نموونە ئەگـەر باوەڕمان وابێت هەرچی

حکومەتی دەیـــکات هەڵەیە، ئەوا ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشـــەیە، بەهەمان شێوە ئەگەر باوەڕمان وابێت کە دەبێت دەوڵەت ئەوەندە دەسەڵاتی فراوان بێت کە تێکڕای بـــوارەکان کۆنترۆڵ بکات، وەك یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لەئێســـتادا، بەتایبەتی بەهۆی ئەو قەیرانـــە ئابوورییەی دروســـتبووە ڕۆڵی زیاتری حکومەت مایەی کێشە بێت.

*** بەڕێوبردنـــی کۆمەڵگـــە بەشـــێکە لەپلانـــی ئەنـــدازەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە بەڕێوبردنی بـــواری کارگێڕی، بەڕێوبردنـــی دەوڵەت، دروســـتکردنی ڕێکخـــراوە مەدەنییەکان، ئایا ئەم پلانانە چۆن دەبنە هـــۆی گۆڕانی کۆمەڵگە؟ دیـــدی ئێوە چییـــە لەســـەر ئەندازەی کۆمەڵایەتی؟**

- ئەمە پرســـیارێکی باشە و ڕەنگە من وەڵامێکی باشم نەبێت بۆی، لەبەرئەوەی هیتلەریش بانگەشـــەی ئەوەی دەکرد کە بۆ باشترکردنی ژیان دەستکاری ئەندازەی کۆمەڵایەتـــی دەکات، بەڵام من پێموایە دەبێت حکومەت دەسەڵاتی دابینکردنی چاودێری تەندروستی و خۆشگوزەرانی هەبێت، بۆ ئەوەی ژیان باشـــتر بکات. دووپاتی دەکەمەوە ئەمە پەیوەستە بەوەی کە دەبێت لەڕوانگەیەکـــی پراگماتیەوە هەڵســـوکەوت بکەین نەك ئایدۆلۆژی. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە دەستکاری کردنی ئەندازەی کۆمەڵایەتی کاریگەر دەبێـــت ئەگەر بووە هۆی باشـــترکردنی هـــەل و مەرجی ژیـــان، بـــەڵام نابێت ئایدۆلۆژیایەکی حازرهەبێت و بەســـەر واقیعەکەدا جێبەجێی بکەین.

*** دامەزراوەکان لەسیســـتمی دیموکراتی ڕۆژئاوا نەگـــۆڕن، ئـــەوەی دەگۆڕێت کەســـەکانن، بەڵام لەڕۆژهەڵات لەگەڵ بانگەشـــەی گۆڕان، هیچ شتێك نەگۆڕ نابێت، هۆکاری ئەم جیاوازیە چییە؟**

- لەزۆربـــەی وڵاتانـــی ڕۆژهەڵاتـــدا کولتوورێکی دورودرێژی دیموکراســـی و دامەزراوە دیموکراســـییەکان بوونی نییە، لە بری ئـــەوە کولتوورێکی درێژخایەنی سەرکردەیەکی تاکڕەوی بەهێز لەئارادایە کـــە زۆرجـــار بەهێزبـــوون و ڕووخانی دەوڵەتەکـــە گرێدراوە بەم ســـەرکردەیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا لە ئەمەریکاشدا لەسەرەتادا دامەزراوە دیموکراسیەکان زۆر کارانەبوون لەپاراستنی مافی تاکەکان و ڕێگەگرتن لەگەندەڵی، هەرچەندە هەندێ کەس باوەڕیان وایە ئێستاش کارا نین.

*** ئایا دەبێت سروشت و پێکهاتەی ئەو ڕەوتە چۆن بێت کە بانگەشە بۆ گۆڕان و چاکسازی دەکات، ئایا دەکرێت متمانە بەســـەرکردەیەکی پۆپۆلیستی بکرێت، ئایا ئەم ســـەرکردەیە نابێتە هەڕەشە بۆ سەر سیستمە دیموکراسیەکە؟**

- ئەمـــە پرســـیارێکی باشـــە، چونکە ئۆبامـــاش ســـەرکردەیەکی جەماوەری و کاریزمی بوو، بەڵام سیســـتمەکە لەم وڵاتەدا بەشێوەیەکە کە ڕەنگە نەتوانێت دوای چـــوار ســـاڵی دیکە دەســـەڵات بگرێتەوەدەست. کێشەکە ئەوەیە لەوڵاتانی دیکـــەدا کولتوورێکـــی دوورودرێـــژی دیموکراســـی بوونی نییە، بۆ نموونە لە هایتی، یان لە ڕوســـیا، ئەمە لەکاتێکدا پرسیارەکەی ئێوە گرێدراوە بەبنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسیەکانەوە.

*** ئایـــا ڕۆڵـــی ڕۆشـــنبیران چیـــە لەپرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا، بۆ نموونە ئایا ڕۆڵیـــان چیە لەڕێگەگرتن لەوەی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان و پارتە ئیســـلامیەکان گەمە بەپرۆسەکە نەکەن بـــۆ بەرژەوەندی خۆیـــان و ڕێگە نەدەن کۆمەڵگەکە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە؟**

- ئەوە پرســـیارێکی باشە، لەبەرئەوەی سەرکردە ئاینیەکان کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەســـەر خەڵك، ڕۆڵی ڕۆشنبیران ئەوەیـــە کە بایەخ بەو کێشـــانە بدەن کە پێویســـت ڕەخنە و گومانیان لێبکرێت، بەئومێـــدی ئەوەی بەرەو باشـــتر بچن، ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کێشانە سروشتێکی سیاسی یان ئاینیان هەبوو. واتە ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە تیشك بخاتە سەر ئەم کێشانە و بیانخاتەڕوو.

*** دوا وتەت چییە، بە تایبەتی کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین؟**

- من تەنها داواتان لێدەکەم کە بەشداری لـــە پرۆســـەکەدا بکـــەن و جیـــاوازی دروستبکەن، هەر بەمشێوەیەش خەڵکی لەوڵاتی ئێمەدا بەشداری لەبەڕێوبردنی کاروبارەکاندا دەکات.

**هیتلەریش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ باشترکردنی ژیان دەستکاری ئەندازەی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام من پێموایە دەبێت حکومەت دەسەڵاتی دابینکردنی چاودێری تەندروستی و خۆشگوزەرانی هەبێت، بۆ ئەوەی ژیان باشتر بکات. دووپاتی دەکەمەوە ئەمە پەیوەستە بەوەی کە دەبێت لەڕوانگەیەکی پراگماتیەوە هەڵسوکەوت بکەین نەک ئایدۆلۆژی**



# کێ دەستپێشخەربووە لەبانگەشەی ڕاگەیاندن؟

لەسەروبەندی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا، ماوەیەکە رۆژنامەی (رۆژنامە) و(هاوڵاتی)و هەندێ لەو دەزگا راگەیاندنانەی کە لافی بێلایەنی و ئەهلیبوون لێدەدەن، کەوتوونەتە تاوانبارکردنی رۆژنامە حزبییەکان بەوەی کە دەستپێشخەربوونە لە پرۆپاگەندەکردن و بانگەشەی راگەیاندن بۆ لیستەکانیان پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی فەرمی ڕاگەیاندن. لەهەمووشی سەرنجڕاکێشتر تاوانبارکردنی دەزگا راگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتییە، بەوەی کە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵایان پێشێل کردووە و رۆژانە بەشێوەی جۆراوجۆر بانگەشە بۆ لیستی هاوپەیمانی دەکەن و بەتۆمەتی دەستپێشخەری شەڕی ڕاگەیاندن تاوانباری دەکەن.

لە کاتێکدا تەنها لەماوەی یەك مانگی رابردوودا دەبینین چەند بابەتی رۆژنامەی (رۆژنامە) و (هاوڵاتی)و ..تد، بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ لیستی «گۆڕان» و «نەوشیروان مستەفا» دەکەن و، لەزۆربەی گوتار و راپۆرت و بەدواداچوونەکەنیان دەیانەوێ ڕای گشتی کوردستان بەلاڕێدا ببەن و ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوی خەڵك ڕەش بکەن و ئیدارەکەمان بەگەندەڵ و سەرکردەکانیشمان بەناپاکی تاوانبار بکەن و بەردەوام هەوڵدەدەن زهنییەتی خەڵك بۆ ئەوە ئامادە بکەن، کە پارتی و یەکێتی هیچیان لەهەگبەدا نەماوە و پێویستە خەڵك لەم هەڵبژاردنە تۆڵەی خۆی بکاتەوە و دەنگیان پێنەدات.

لەمیانەی راپۆرت و وتارەکانیاندا ئاشکرا پێمان دەڵێن، ئەمڕۆ سەرتۆپی «گۆڕان» لەکوردستان نەوشێروان مستەفایە! هەر ئەوان وزەی گۆڕانکاری و تاقە خۆشبەختی کوردن لەمێژووی سیاسیی کورد..!! بەشێوەیەك، ئەوان نەوشێروان مستەفا وەك ئەندازیاری گۆڕان و ڕیفۆرم لەچەشنی وێنەیەکی ئیدیالی دەهێننە پێش چاوی خەڵك گوایە کورد ئەمڕۆ لەهەناسە زیاتر پێویستیان بەم «ئیدۆلە سیاسییە نوێیە» هەیە و هەر ئەوان داینەمۆی دیموکراسین لەناوچەکەدا. لەهەمووشی ترسناکتر، ئەوان لەسەنگەری هێزە ئیسلامییەکان ئەو دەهۆڵە دەکوتنەوە، کە تادوێنی خۆیان بەشداربوونە لەڕەنگرێژکردنی کۆی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان. ئەوەی جێی دڵگرانی و تێڕامانی زۆریشە، ڕاگەیاندنەکەی کۆمپانیای وشە بەبەردەوامی دەیەوێ غەزەبی شەقامی کوردی بە جۆرێك بجولێنن و نارەزایی خەڵکی بێزار و بەلەنگازی کوردستان بەکاربهێنن، کە ئەمەیان مەترسیدارە. لەکاتێکدا چاك دەزانن سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەهەموو لایەکەوە لەژێر زەخت و گەلەکۆمەکی دایە و لەگەڵ دنیایەك کێشەی سیاسیی و ئیداری کەڵەکەبوو لەململانێدایە، کە هەمووی میراتی ئەو کولتوورە سیاسییە سەقەتەیە کە لەدەسەڵاتی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری بەعس بۆمان بەجێماون.



داخۆ چۆن دەشێ گروپێك بەماکیاژی «ئۆپۆزسیۆن» خۆی لەگۆڕەپانی سیاسیی کوردستان نمایش بکات؟! ئۆپۆزسیۆنێك کە داوای ڕووخانی سەرلەبەری ستراکتۆر و پێکهاتەی سیاسیی ئەم وڵاتە دەکات و تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێ. لەکاتێکدا لەمێژوو و فەرهەنگی سیاسیی هیچ وڵاتێکدا نەبووە ئۆپۆزسیۆنی ناوەکی دان بەپێکهاتە و شەرعیەتی قانوونی و سیاسیی حوکمڕانی نەنێت، بەتایبەتی کە خۆی قاچێکی لەنێو حکومەتدابێت.

مەگەر خواستە دیموکراسییەکان بەتەنها خواستی گردەکەی کۆمپانیای وشەیە تا بۆ خۆیان پایەماڵی بکەن و زوڕنای بۆ لێبەدەن؟ مەگەر گوتاری سیاسیی سەرکردایەتی کوردستان نەبوو پێش هەموو کەس و لایەنێك دەستپێشخەری دارشتنی دەستوورێکی سڤیل و دیموکراسی و مۆدێرن و ئەقڵانی کرد بۆ دانانی میکانیزمێکی گونجاو لەبارەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

**ئەمانەی خــوارەوەش چەند نموونەیەکن، لــەو نموونــە زۆرانەی بانگەشــەکانی رۆژنامەی (رۆژنامە)، کە بۆ لیســتی گۆڕان-ی دەکات:**

- بارام سوبحی لەژمارە (٤٦١)ی رۆژی ٢٠٠٩/٥/٥ لەوتارێکدا بەناوی «یەکێتی و پارتی دەرد و دەرمانی گۆڕانن»
- ئەکرەمی میهرداد لەژمارە (٤٦٧)ی رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣ لەوتارێکدا بەناوی «بزووتنەوەی گۆڕان چۆن لیستی خۆی دادەنێت؟»
- ژمــارە (٤٦٨) لەپاشــکۆی (ڕای گشــتی) ٢٠٠٩/٥/١٤ پارێــزەر کاروان کەمال لەوتارێکدا لەژێر ناوی «وتارەکەی ســەرۆکی هەرێم لەنێوان مەرســومی سەرۆکایەتی و تاوانی هەڵبژاردندا»
- ئەبوبەکر ئەحمەد سلێمان لەژمارە (٤٦٩) لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/١٧ لەوتارێکدا لەژێر ناوی «ئاسایشێکی بەهێز و ئیدارەیەکی فاشیل».
- حاجــی ئەنــوەر لەسویســرا لەژمارە (٤٧١) رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ لەوتارێکدا لەژێر نــاوی «لەپێنــاوی بەرژەوەندی گەلــی کورددا دەبــێ لەگەڵ گۆڕانی دەسەڵات بین لەهەرێمی کوردستان».
- ســەرکەوت شــەریف لەژمارە (٤٧٢) لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ لەوتارێکدا لەژێر ناوی «دەنگدەرانی کوردستان کاتی ئەوە هاتووە ویژدانمان دادوەر بێت».
- فەلاح نەجم لەریپۆرتاژێکی ئامانجداردا لەژمــارە (٤٦٥) لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ لەژێــر ناوی «ئایا مەترســی لەســەر هەرێمی کوردستان هەیە؟».

یاســین کەریم لەژمارە (٤٧٦) لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٦ لەوتارێکــدا لەژێــر ناوی «پرۆســەی هەڵبــژاردن و حزبی ئێکسپایەر».
- سەردار کوردە رەواندزی لەژمارە (٤٧٨) لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٨ لەوتارێکدا لەژێر ناوی «دەنگ بدەین بە مشەخۆرەکان».
- بابەکر دڕەیی لەژمارە (٤٨٠)ی لاپەرە دوودا لەرۆژی ٢٠٠٩/٦/١ لەراپۆرتێکدا بەئاشــکرا دەڵێت: «نووســینی ســەر دیوارەکان حەماسی خەڵکە بۆ گۆڕان». هەر لەچوارچێوەی راپۆرتەکەدا وێنەیەک دانــراوە، کــە لەتەنیشــت پەیکــەری پیرەمێردی شاعیر لەسلێمانی نووسراوە: «دەنــگ بدە بە گۆڕان.. دەنگ بدە بە نەوشێروان».
- عەلــی فەتــاح لەژمــارە (٤٨٠) لــەرۆژی ٢٠٠٩/٦/١ لەوتارێکدا لەژێر نــاوی «بازرگانەکانی دەنگ! حیزب و بازرگانی».
- هادی ئەکرەم لەژمارە (٤٨٢) لەرۆژی ٢٠٠٩/٦/٣ لەوتارێکــدا لەژێــر ناوی «گۆڕان ئەو ویستەی هیچ هێزێک رای ناگرێت».

هەروەهــا بەهەمان شــێوە لەرۆژنامەی (هاوڵاتی)دا بەمشێوەیە، بەناڕاستەوخۆ پرۆپاگەندە بۆ لیستی گۆڕان دەکرێ:


بابەکر دڕەیی:
نووسینی سەر دیوارەکان حەماسی خەڵکە بۆ گۆڕان، پەیوەندی بە کۆمپانیای وشەوە نییە

راپۆرتێکی رۆژنامەی (رۆژنامە) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ لیستی گۆڕان دەکات

- لەژمارە (٥٢٢)ی رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣ لەراپۆرتێکدا لەژێر ناوی «لەســلێمانی وێنەکانی نەوشــیروان مستەفا خەریکە دوکان و دیواری ماڵان دادەپۆشێت».
- لەژمارە (٥٢٨)ی رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٧ لەوتارێکی عارف کەریم، کە لەستۆکهۆڵم نووسیویەتی، لەژێر ناوی: «هەڵبژاردن و ئاستەنگەکان، بۆچی پارتی و یەکێتی لەهەڵبژاردنێکــی ئــازاد و دیموکــرات دەترسن؟».
- لەژمارە (٥٣٠)ی رۆژی ٢٠٠٩/٦/٣ وتارێکی جەلال دەباغ بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناوی: «لیستەکان و هەڵبژاردن».
- لەژمارە (٥٣١)ی رۆژی ٢٠٠٩/٦/٧ لەهەواڵێکــدا، کــە لەلاپــەرە (١) بڵاوکراوەتــەوە، لەژێر نــاوی: «پارتی کار بۆ دەســتێوەردان لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات».
- لەژمارە (٥٣١)ی رۆژی ٢٠٠٩/٦/٧ کەمــال رەئوف لەگۆشــەی هەناســە لەدوالاپــەرە، وتارێکــی بڵاوکردۆتەوە، لەژێر ناوی «گۆڕان یان ریفۆرم».